خانەی چاپو بڵاوكردنەوەی قانع

# خۆكوشتنێك لە پایزدا

## زمناكۆ بورهان قانع

سلێمانی ............................................... چاپی یەكەم 2005

- كتێب: خۆكوشتنێك لە پایزدا



Klawrojna




- نووسەر: زمناكۆ بورهان قانع
- تایپ: نسار غفور رشید
- هەڵەچن: ڕێگا فریا
- وێنەی ناوەوە: هونەرمەند كۆسار جەلال
- دیزاین: ئازاد حاجی
- سەرپەرشتیاری چاپ: ئەركان ئیبراهیم
- چاپی یەكەم: سلێمانی 2005
- چاپخانە: خانەی چاپو بڵاوكردنەوەی قانع
- تیرا ژ: 1000 دانە
- نرخ: ( 3000 ) دینار
- ژمارەی سپاردن: ژمارە ( ) ی ساڵی ( 2005 ) ی وەزارەتی ڕۆشنبیری پێدراوە..


لە بڵاوكراوەكانی خانەی چاپو بڵاوكردنەوەی ( قانع )ە و
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە

پێشکەشە بە:-

## هەموو مرۆڤێکی تێکشکاو لە ژیان...

زمناکۆ

چەند پەیڤێك بۆ سەخافەتی ژیان:-

من لەسەرەتاوە بە وەڕسیی لە دایك بووم.

- بۆدلێر -





من لەماڵێکدا دەژیام کە ئیشتیهای خواردنی تێدا نەمابوو هەربۆیە هەمیشە قەفەزێکم دەبینی بەشوێن باڵندەیەکدا دەگەڕا.

- فرانتز کافکا -

هیچ هێزێك من لەخەو هەڵناسێنێت.

- ساموئێل بیکێت -

وەك ئاژەڵێکی زامدار خۆم دەگەیەنمە ژوورەکەم.

- فێرجینیا وۆڵف -

ئێمەی مرۆڤ گومناویێکین لە دنیایەکدا کە داوێکی بێشوماریان لەبەر دەممماندا ناوەتەوەو ڕووبەڕووبونەوەمان تەنیا لەگەڵ پووچیدایە.

- سادقی هیدایەت -

پێویستە لەسەر هەموومان کەبەیانیان لەخەو هەڵدەستین یەکی بۆقێك قووت بدەین.

- گۆستاف فلوبێر-

بە هیچ جۆرێك ئینتیمام بەم ژیانە سەخیفەوە نی یە.

- ئەدامۆف -

لیوان لیوم لە ئازارو ترسو سەخافەت.

- ئێدگار ئالان پۆ-

باسی ئومێدم بۆ مەکە، ئومێد میتاڵێکە بەدەگمەن زرینگەی دێت.

- بەختیار عەلی-

درەختەکان گەشن، مرۆڤەکان سیس.

- فەرهاد پیربال-

## "وەك ئاژەڵێکی زامدار خۆم دەگەیەنمە ژوورەکەم"

مرۆڤەکە هەمیشە باسی خۆکوشتن دەکات کەچی تا ئێستا هەناسە ئەدات، سەیرە!! تاكو تەنهاو بێ پشتو پەنایە، لەزەمەنێکی نادیاردا دەژی، گومناوێکەو لەبەردەم ژیاندا پەکی کەوتووە، کابووسو وەیشوومەیەك هەمیشە بینەقاقای گرتووەوپڕی کردووە لە گومانو ئاشووب، تۆسەیری ئەم دڵەڕاوکێ یە بکە!! باشە کەژیان هێندە ناشرین بێت ئیتر بۆ خەون بە خۆشگوزەرانی یەوە ببینین؟؟

ئەو ( بە واتایەکی تر ژیان ) هەڕەشەیەکی بێ پایان لە مرۆڤەکە دەکاتو تووشی دڵەڕاوکێ یەکی سەختی دەکات، دەبینین ئەو مرۆڤە کەلەپچە کراوە هەمیشە ڕادەکاتو تووشی تەنگە نەفەسی بووە!!..

من وەك خۆم هەموو بەیانی یەك ئەو بۆقەم خواردووە کە ( گۆستاف فلۆبێر ) پێمان دەڵێت بیخۆن، کەلو پەلو شتومەکی ماڵەکەشم وەك کەلو پەلو شتومەکی ماڵەکەی ( ڕۆدریك یووشەر) بێزاریو پەژمووردەیی خۆمیان وەرگرتووە، هەمیشە لە پەلەقاژەیەکی بێ مانادام، هیچ نەبێت بۆ جارێکیش لەماڵەکەی (فرانتز کافکا )دا نانم خواردووە چونکە ماڵەکەی منیش وەك ئەو ئیشتیهای خواردنی تێدا نەمابوو، ئینجا وەرە تەماشای ئەو قەفەزە بێ مانایە بکە کەچۆن دوای باڵندەکە کەوتو خستیە ناو خۆیەوە، باڵندەکە نائومێد بوو لە فڕین، لە ماوەیەکی کەمدا سەرکوت کرا، باڵندەکە درکی بەوە کردبوو کە ئەو ژیانە پووچەی تێیدایەتی چی دی ناتوانێت بە پەلەقاژەکردن خۆی دەرباز بکات لێ ی، ئیدی هیچ شتێك دڵی ئەو باڵندەیە خۆش ناکات کە هێمایە بۆ هەموو مرۆڤێك.





من وەك زمناکۆ دوای ئەوەی کەبێهۆش بوونو بەدمەستی تەواوی ژیانمی داگیرکرد هەولم دا وەك (ئێگار ئالان پۆ) لەسەر کورسی یەك دابنیشم کحول بنۆشمو لە بیستوسێ ساڵی یەوە هیچ کەسێك نەناسمەوە بەلاّم ئەوا ئێستا تەمەنم بیستوحەوت ساڵەو بەداخەوە هەندێك لە هاوڕێکانم دەناسمەوە، هەمیشە وێنەیەکی پووچ بەژیان دەبەخشم، ژیانێك کە خۆشم نازانم بۆچی هاتوومو چی دەکەم؟؟!! من تازە گیرۆدە بووم لەبەردەم ژیانداو ڕێگای هەلاّتنم لێگیراوە هەمیشە لە دڵەڕاوکێو ترسدا دەژیمو هەڕەشەکەی باوکی کافکام بیردەکەوێتەوە کە بە کافکا دەڵێت:- وەك ماسی یەك سکت هەڵدەدڕم.

ژیانی مرۆڤەکە لە کوندەپەپووە کوێرەکەی (سادقی هیدایەت ) دەچێت کەچی بە درۆوە دڵی خۆی خۆشکردووە، گومڕاو ئازار چەشتوو وتێکشکاوە بەلاّم هەستی پێناکاتو زۆربێ شەرەفانە حەز لەژیان دەکات، ژیان قەشمەری بەو دەکات کەچی ئەو خۆشیدەوێت!! وای چ مەخلوقێکی گەمژەو دەستخەڕۆیە وای!!..

گەرلەم خورافاتە هیچوپووچەش هەلاّتینو لە شێتخانەیەکدا خۆمان دۆزی یەوە دڵنیام کەلە فەرامۆشی بوونوگوێ پێنەدانو ڕقوکینەدا دەمرین، کەواتە هەولەکان بۆدەربازبوون هەمووی بێمانان، هیچمان ناوێت تەنها ئەوەندەی کەلەم کۆمیدیایەدا قبولّ بکرێین کەناوی ژیانە، هەروەکو لەکۆنسێرتی خۆکوشتندا دەڵێم:- جەستەمان لە قالّب دراوەو نازانین بۆ کوێ دەڕۆین؟؟ تەنهاو بێزارو ووردوخاشین خۆمان بەکارێکی پووچەوەخەریك

**كـردووە كـە ئـەویش نـاوی ژیانـە، زینـدەگی فێڵێكـی گەورەیـە لـە مـردنو پێكەنینێكی ساختەیە بەرامبەر بە هەستێكی یەقین.**

**تۆ بزانەكافـكا چۆن سـەرپێچی دەكات:- من شێت ئاسا لە هەموو لایەكەوە پردەكان وێران دەكەم هەمووان دەكەم بەدوژمنی خۆمو قسە لەگـەڵ كەسـدا ناكەم!!**

**ئـەی بزانــە ( كیـركـەگــۆر )چـــی دەڵــێــت:- لەسـەرەتای لـە دایـك بوونمانەوە ئێمە بـە كۆمـەڵێك فـەرمانی سـەرمۆرەوە بـۆ سـەفەری ژیـان نێردراین، یەكەمین شتێك كەدەبێت تێبگەیت ئەوەیەكە تێناگەیت..**

**مرۆڤەكە پاش ئەوەی بوو بە پیاوێكی ئـەقڵ دۆڕاوو پەرێشان حاڵ، ژیـان وەك سـەگێكی تۆپیـو لێ ی دەڕوانــیو دەیخــزاندە كونــجە تـاریكـەكانــی خۆیەوە، بۆ ئەبەد لەو كونجە ڕەشە نایەتە دەرەوە، مرۆڤەكە بـە خۆكوشـتن ڕزگاری دەبێت بەڵام نازانم تا چەند ئەو بڕیارە ڕاستە كەئەو ئەیدات؟؟.**

**لە ( e-mail )ێكمدا بۆ گەورە ڕۆماننوسی بەڕازیلی (پاولۆ كۆیلۆ) باسم لـەو بێـزاری یـەی خـۆم كردبـوو ئـەویش لـە وەڵامــدا نووسـیبوی:- (بـەڕێز زمناكۆ هەمـیشە دوای خەونـەكانت بكـەوەو بــە ئیمانـەوە بجەنگـە بۆیـان).. تائێستاش ئەو ئـیمانـە لای من دروست نەبووە، تراژیـدیـاكە لێـرەوە دەسـت پێدەكات، لەگەڵ مندا تەماشاكەن!!..**

**زمناكۆ بورهان قانع**

**ئێوارەیەكی** / 2005

## کۆنسێرتی خۆ کوشتن

بۆ یەکەم جار بوو لەژیانمدا سەردانی وڵاتێکی ئاوها حەزین بکەم، ئەو کۆمارە هەموو بیرکردنەوەی ژیانمی گۆڕی، ئەوێ میرنشینێك بوو لە بێدەنگی، مەملەکەتێك بوو لەحوزن و ئەسەف، بیلادێك بوو لە غەم و غوربەت، نیشتیمانێك بوو لە بێزاری .

بە عیشقی ڕۆژی ئەزەلەوە چووم بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی سەرمەدی کەچی خلودم نەبینی، من بۆ ئەوە چووم کە گوێم لەناڵەی مرۆڤە مەستەکان نەبێت کەچی ئەوێ مەیخانەیەك بوو لە هاوار ...

ئەو ئێوارە غەمبارەی پاییز بەتەنها لەکۆڵانە ڕەنگ پەڕیوەکانی ئەو شارەدا پیاسەم دەکرد، بەسەر شەقامە خواروخێچەکەی ئەو شارەدا دەڕۆیشتم و خۆمم دەبینی بووم بەجاڵجاڵۆکەیەکی ترسناك، بەدرێژایی ئەو شەقامە غەمگینەدا هیچ شتێکم بەدی نەکرد جگە لەپەیکەرێك کە سەری سەرۆکەکەیان بوو بەڵام پڕی بوو لە ڕیقنەی کوکوختییە مەینەتبارەکان، سەرتاپای جەستەم نغرۆ بوو لە بۆنی خوێن، ئاشنا دەبووم بە کووچەی غەمگین و هەمیشە بۆنی خوێنم دەکرد، دەریایەکم بەدی کرد پڕبوو لە کالیبتۆسی زەرد هەڵگەڕاو، ئەو کۆمارە عەریسی تیا نەبوو هەموویان هاوسەری بێزاری بوون، لەو خاکەدا تە نها شەقایق دەڕوا  چونکە هەموو چەم و ڕووبارەکانی خنکابوون لە خوێنی مەیوودا، ئاسمانی ئەو مەملەکەتە سەدایەك بوو لە قاڕەقاڕی قەڵە ڕەشەکان، نیشانەی ڕەشبینی و بەدبەختی لەهەموو کوچەکانیدا بەدی دەکرا خیابانەکانی ئەو میرنشینە لە دڵێکی قەتیس دەچوون، بولبولەکانی ئەوێ بووبوون بە پەڕەسێلکەیەکی دڵتەنگ و بێ سەمفۆنیا .





ناخود ئاگا لەبەر خۆمەوە وڕێنەم دەکردو تەعاروفم لەگەڵ گرمەی سەحابێکی خۆڵەمێشی دەکرد، هەندێك جار لوورەی گورگەکان و هەندێك جار وەڕینی سەگە لاتەکان دڵنەواییان ئەدامەوە کە ئەم شارە ئاوەدانە .

پاش ماندووبونێکی بێ ماناو گەڕانێکی بێهودە بەدوای مرۆڤدا، پاش ئەوەی هەستمکرد بینینی مەردوم بۆتە کارێکی مەحاڵ بڕیارم دا لە پەنای دیوارێکی ڕووخاودا کەمێك هەناسە سواری خۆم دەربکەم، لەو ساتەدا کە نوقمی بیر کردنەوەکانم بووم گوێم لە دەنگێکی سەیر بوو، دەنگێك تێکەڵ بوو لەبای پاییزو لوورەی گورگ و وەڕینی سەگ و قریشکەی هەورێکی تەنیا، وردە وردە دەنگەکە زیادی دەکرد تا ئەو ڕادەیەی گوێم لە چەپڵە ڕێزانێك بوو، دەست بەجێ دیوارە ڕووخاوەکەم بەجێهێشت و بەرەو لای دەنگەکە ڕۆیشتم، هەر کوچەی ڕەنگ زەردم دەبڕی و نەدەگەیشتمە جێ، هەر خیابانی زەبوونم تەی دەکردو شوێنی مەبەستم بەدی نەدەکرد، تا ئەو ساتەی گەیشتمە لای کەلاوەیەك، دەبینم حەشامەتێکی زۆر بێمانا لە مرۆڤی پرچ درێژو دان زەردو چڵکن لەپیاوێکی خۆیان ئاسا کۆبوونەتەوەو چەپڵە بارانی دەکەن، حەزم دەکرد لەم کۆمیدیایە تێبگەم، کاتێك پرسیارم دەکرد کەس وەڵامی نەئەدامەوەو هەموویان بە واقی وڕماوەوە لە کابرایان دەڕوانی، خەریك بوو هەراسان دەبووم بۆ زانینی ئەو شتەی شاراوە بوو لای من و ئاشکرا بوو لای ئەوان، تا لەدواییدا چوومە لای پیرێکی کەنەفت و شکستە حاڵ کە لەسەر تەنەکەیەك دانیشتبوو کوللەو سیسرکی برژاوی دەخوارد بەقاپێك خوێنی پشیلەوە پێمگوت ؛ پیرە پیاو مەبەست چییە هەمووتان لێرە خڕبوونەتەوەو شوێنەکانی تری وڵات بووە بە سەحرایەکی

ڕووت ؟! ئەو ڕۆژە هەموان لە زمانی یەکدی دەگەیشتین، پیرە پیاو پاش ئەوەی قاپێك لە خوێنی پشیلەی نۆشکرد بێ ئەوەی بەرخورد لەمن بکات گوتی ؛ ئەو پیاوە چڵکنەی لەسەر دیوارە ڕووخاوەکە وەستاوەو بە دەنگێکی ماتەم قسەدەکات سەرۆکی ئەم ئیمارەتەیە بەبۆنەی جەژنی لەدایك بوونیەوە ئەم خیتابەی ئامادەکردووەو بۆ ئێمەی دەخوێنێتەوە لەبەر ئەوە بێدەنگ بە تاوەکو بزانم ئەو کابرا خانەدانە چ مژدەیەکی پێیە ؟!

سەرۆکەکەیان گوتار بێژێکی لێزان بوو، کاریگەری لەسەر دەروونی هەموویان دروستکردبوو بەدەنگێکی بەرز دەئاخافت و دەیگوت :

نە ڕۆژو نە مانگ بەتاریکی ئەم ڕۆژگارە ڕەشە ناوێرن، زۆر بە نائومێدییەوە دەڵێم ئێمە لەم ژیانەدا خامۆشبووین و کوژاوینەتەوە ژیان هیچ نییە جگە لە بێهودەییەکی گەورە، باشتر وایە لە بیابانێکی چۆڵدا خۆمان بکوژین و لاشەکەمان دەرخواردی قەلەڕەشێکی برسی بدەین، پێویستە لە هەموو کەسێك هەڵبێین و لەگەڵ کەسدا قسە نەکەین، شێت ئاسا هەموو کەسێك بەدوژمنی خۆمان دابنێین و شیرازەی کۆمەڵ تێك بدەین و ژیان بە پووچ سەیربکەین چونکە هەمیشە مەرگ وەك دێوەزمەو کابوسێك لەناو جێگەی نووستنەکەماندایە، هەموومان بێزارو ووردو خاشین سەرتاپای جەستەمان خوێنەو دڵمان بە هیچ شتێك خۆش نییە، ئێمە بەڵێنمان داوە هەرگیز بە ژیان نەڵێین جوان چونکە ئەو وەك لاشەیەکی بێ نرخ لێمان دەڕوانێت و قەشمەری بەهەمووان دەکات، ئێمە لەنێو گێژاوێکداین هەموو جوانییەك وەك خورافاتێکی بێ بەها خۆی





نمایشدەکات، ئازار دەچێژین و لەکەناری ژیاندا هەوەسمان لەخۆخنکاندنە، جەستەمان لە قالب دراوەو نازانین بۆکوێ دەچین، تەنیاو نائومێدین و خۆمان بە کارێکی پووچەوە سەرقاڵ کردووە کەئەویش ژیانە، نەیادەوەریمان هەیەو نەئایندە، هەمیشە لەپەلەقاژەیەکی سەخیف داین، پێویستە گۆشەگیری هەڵبژێرین و خۆمان پیشانی کەس نەدەین، جگە لە تاریکی تەماشای هیچی دی نەکەین و خۆمان نغرۆ بکەین لەبێهۆشی داو باوەڕمان بەفریادڕەس نەبێت، دەبێت بزانین شتەکان هەمووی خەیاڵێکی قۆڕن، ژن هێنان، منالبوون، خۆشەویستی، چوونە نێو پەرستگاکان، سواربوونی ماشێن، گوێگرتن لەدەنگی کەڵەشێر ...... هتد باشتر وایە سەرمان بکێشین بە شۆستەی شەقامێکی چۆڵدا کەتەنها سەگێکی گەڕی تێدا بێت و بەجەستەی هەلا هەلای خۆمان ئەو سەگە گەڕە تێر بکەین یان لە شێتخانەیەکدا خۆمان گیربکەین و دەرەوە نەبینین تا ئەو کاتەی هەموومان دەبین بەشێت یاخود ببین بە خۆراکێکی نابووت بۆ گورگێکی دڕو هار .

سەرۆکەکە تا ئێرە بەدەنگی بەرز ئەم گوتارەی خوێندەوەو قوڕگی وشك بوو بۆ ئەوەی بەردەوام بێت ئاگام لێبوو ئەویش پەرداخێك لە خوێنی پشیلەی نۆشی و گوتی :

دەبێت هەمووان گوێمان لەخیزەی هەناسەی یەکتربێت لە سەرە مەرگداو خۆمان ئیفلیج و خامۆش بکەین و لە فەرامۆشی بوون و ڕق و کینەدا بمرین، هەرگیز عەشق تاقی نەکەینەوە و قەناعەتمان بە هیچ نەبێت، لەدڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا بین و لەسێبەری خۆمان هەڵبێین چونکە زیندەگی فێڵێکی گەورەیە لەمردن و پێکەنینی ساختەیە بەرامبەر بە

هەستێکی یەقین، مرۆڤ بۆ ئازار چەشتن لەنەبوونەوە دێتەبوون لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان کەقومارخانەی ژیان پڕ بکەین لە دۆڕاوی دڵڕەق..

سەرۆکەکە هێشتا خیتابەکەی تەواو نەکردبوو خەڵکەکە هاواریان لێ بەرز بۆوە و هەموو بەیەك دەنگ دەیانگوت : پێویستە چی دی درێژە بە ژیان نەدەین تاوەکو ئازار نەچێژین !! لەو دەنگە جەماعیە زیاتر گوێم لە هیچی تر نەبوو، پاش ماوەیەکی کەم خەڵکەکە هەموویان خۆیان کوشت هەریەکەی بە جۆرێك، شار بەتەواوی ڕەنگی خوێنی پۆشی، خیابانەکان بۆنی لاشەی مردوویان لێ دەهات، ئاسمان پڕی بوو لە سەحابی سوور لوورەی گورگەکان زیادی کرد، قەلەڕەشەکان بەقاڕەقاڕ ئاوازێکی نابووتیان دەژەند، کرمە برسییەکان هێندە مردوویان خواردبوو لەماوەیەکی کەمدا بوون بە مار و زەڕنەقووتەکان بوون بە عەنقا، نەمدەزانی چی بکەم ڕەنگم تێکچوو بوو، زەرد هەڵگەڕام، سوور هەڵگەڕام، مۆر هەڵگەڕام، پاشان پرتەقاڵی هەڵگەڕام دەتوانم بڵێم پەمەیی هەڵگەڕام، قاوەیی هەڵگەڕام، بنەوشەیی هەڵگەڕام و درۆم نەکردبێت شین هەڵگەڕام.

حەزم دەکرد بەشداری بکەم لەو ئاهەنگە خۆشەدا، بۆ ئەوەی ئەو کەرنەڤاڵی خوێنە جوا نترو زێبا تر بکەم، بۆ ئەوەی ئەو سەمفۆنیا خەمناکە شیرینتر بکەم، بۆ ئەوەی ئەو کۆنسێرتی خۆکوشتنە ڕازاوە تر بکەم دەستبەجێ لەوێدا خۆم کوشت و کرم تێیدام.

# خۆ کوشتنێك لە پایزدا

((ئەسفەندیار)) ناوی ڕاستەقینەی خۆم نییە، بەڵام خوازیارم لەم چیرۆکەدا بە کاری بهێنم چونکە ناوە ڕاستەقینەکەی خۆم لای هەموو کەسێك ڤێزەونە، خاترجەم بە تاوانە شەڕەنگێزیەکانم ئەو حەقیقەتەت بۆ دەردەخات ....... ئێستاکە من وا هەست دەکەم ڕۆژی مەرگم نزیك بۆتەوە لەبەرئەوە پێویستە شتێك بنووسم بۆ ئەوەی تێ بگەیت کە تاوانەکانم چۆن دەستی پێکرد .

زۆربەی خەڵکی کاتێك هەستی شەڕەنگێزی لەلایان دروست دەبێت لە تاوانی بچوکەوە دەست پێ دەکەن و پاشان تاوانەکانیان وورده وورده گەورە دەبێت بەڵام من جیاواز بووم لە خەڵکی و بە هەنگاوێك گەیشتمە نێو قووڵایی یەکانی جەریمە، باوەڕ ناکەم هیچ کەسێك وەك من سەخیف بێت، ئێستاکە واهەست دەکەم سێبەری مەرگ منی پڕ کردووە لە ترس وبیم، لێوان لێوی کردووم لە خەوف و سەرڕێژی کردووم لە خوێن. شەوو ڕۆژ ترسناکترین خەون دەبینم، تازە ئیتر من خۆم نیم، من کەسێکی دیم لەناو ئەوی تردا، گەر زاکیرەم سەرچیغتان نەکات ئەوا چیرۆکەکەمتان بۆ دەگێڕمەوە ؛ من کوڕێك بووم هەمیشە دەمووست شەرەف بگێڕمەوە بۆ حەرفێك کە جوملەیەك سکی پڕ کردبوو لە ئیشتیهای سەقەت بەواتایەکی تر من مناڵێکی سەر کێش بووم دایكو باوکم هەمیشە وەك فاحیشەیەکی بەرەڵلا لەمنیان دەڕوانی و ئازاریان ئەدام هەموو تەمەنی منداڵیم تێ هەڵدان و سەرکۆنەکردن بوو بەڵام هەرگیز ئەو دوو مەخلوقەی ناویان دایك و باوك بوو سەرکەوتنیان مسۆگەر نەدەکرد لە گۆڕینی بیروڕای من دا، ئەبەد گوێم لێ نەدەگرتن و بەکەم بایەخ لێیانم دەڕوانی و هەمیشە گوێم لە خۆم دەگرت.





یەکەمین قوتابخانە کە لێ ی وەرگیرام قوتابخانەیەکی کۆن و پەرپووت بوو لە خۆم پەرپووت تر بوو. لە نزیك قوتابخانەکەدا باخچەیەکی دڵتەنگ و قەتیسی لێ بوو کە هەمیشە سێبەرێکی سارد ئیحایەکی ماتەمی پێ دەبەخشی. بۆنی گوڵەکانی ئەو باخە لە بۆنی هەڵکورمانی جەستەیەکی زەردەڵ دەچوو، بەردەوام زەنگی کڵێساکەی تەنیشت قوتابخانەکەم هەراسانی دەکردم. ئەم هەستانە بۆ ساتە وەختێکیش منیان کەمەر کێش نەدەکرد بۆ بینینی گەشبینی، هەمیشە چاوەڕێ ی مەرگم دەکرد، لەڕاستی دا مەرگ لەوێ بوو، لە قوتابخانەکەم، کە ئەم چیرۆکەی لێوە دەست پێ دەکات. دیوارەکانی قوتابخانەکەم بە قەد باڵای پیرە شاخێك بەرزبوون لەسەر دیوارەکان وورده شووشەیەکی زۆر بەدی دەکرا بۆ ئەوەی بیر لە ڕاکردن و سەرکێشی نەکەیتەوە، لەوێندەر یەقینێکیان پێ دەبەخشیت کەچی ژیانم هەمووی گومان بوو. لەو ماوەیەی ژیانم دا کەلە قوتابخانە گوزەراندم بە هیچ جۆرێك شادمانیم بەدی نەکرد هەردەم تەفرە و فریوو خواردوو بووم و شێتانە لەگەڵ خۆم دا شەڕم دەکرد و دواکاری یەکانی ئەهریمەنم جێ بەجێ دەکرد. ئۆف، بەڵێ ئەو ڕۆژە سەخیفانە بەتەنها خۆم لێ یان دەگەم، کۆمەڵێك ڕۆژی دووبارە، هەموو ڕۆژێك لە خەو هەڵدەسام و دەچووم بۆ خوێندن بۆ نەگبەتی قوتابخانەکەم دەیان فرسەخ لەماڵەوەمان دوور بوو، بەردەوام لەو ڕێگایەدا برسیم دەبوو. لە قوتابخانەکەم دا یاریگایەکی گەورەی تێدا بوو ئەو شوێنەی هەمیشە لێوان لێو بوو لە ئاژاوە، حەزم دەکرد لە هەموو شتێك دا یەکەم بم بە تایبەتی لە شەڕەکانم دا، هەموو هاوڕێکانم خۆشیان دەوویستم و لە هەموو مەعرەکەیەکدا ئیتاعەتیان

دەکردم، هەموویان چاوەڕێ ی فەرمانەکانی من بوون تەنها یەکێك نەبێت ئەو کوڕەش ناوەکەی هەمان ناوی من بوون واتە ئەویش هەر ئەسفەندیار بوو، کاتێك بەرامبەر یەکدی دەوەستاین و ناوی یەکدیمان دەگووت وام هەست دەکرد لە چۆڵەوانیەکدام و ناوەکەم دەنگ ئەداتەوە، ئەو ئەسفەندیارە لەگەڵ من دا لە کێشمەکێش دا بوو هەرگیز چۆکی بۆ دانەئەدام. هەوڵی ئەدا هاوڕێیەکانم لێ بەدوور بگرێت و بە کەسێکی کەنەفت و بەئەتك بوو لە منی دەڕوانی، ئەو ئەسفەندیارە هەموو شتێکی بە هێمنی و پەنهانی ئەنجام ئەدا، ئەو وەکو من دەم شڕ نەبوو، خامۆشیەکەی هەمیشە منی دەترساند و بەردەوام لە دڵەڕواکێ دا بووم، زۆر شاگەشکە دەبووم بەوەی من بەغەمباری ببینێت، زۆر قورسە کە بتوانم وەسفی ئەو ئیحساسەی ئەو بکەم بەرامبەر بە من. دەموویست ئەو لایەنە شاردراوەی ژیانی بدۆزمەوە کە پێی دەترسێت و تووشی دڵە ڕاوکێی ی دەکات بەڵام لەو پەنهانی یەی ئەو هیچ شتێکم چنگ نەکەوت.

هیچ شتێکی ئەو کوڕە سەیر نەبوو تەنها دەنگی نەبێت کە هەرکاتێك گوێم لێ بووایە دەست بەجێ گیانم دەکەوتە لەرزین، کاتێك قسەی دەکرد هەرگیز بەدەنگی بەرز نەدەئاخافت هەرگیز لە چرپە بەرز تر نەبوو .

ئەسفەندیار زۆر زیرەکانە ئەو ڕاستی یەی کەشف کرد کە من ڕقم لێ دەبۆوە، ئەویش ناوەکەم بوو، زۆر ڕقم لەناوی خۆم دەبۆوە !! بۆچی ؟! چونکە هەردووکمان بەو ناوەوە بانگ دەکراین و منیش تەنها خۆم بە شایستەی ئەو ناوە دائەنا. بۆ نەگبەتی من هەردووکمان لەیەکدی دەچووین بەدەم و چاو هەروەها سیسەڵەو درێژ بووین و تەنانەت ئەو وەکو من خۆی





دەگۆڕی و خەڵکیش وایان دەزانی ئێمە براین، من ئەگەر برایەکی ئەوهام هەبووایە هەر زوو دەمکوشت ......

ئەو بۆ خۆی باش دەیزانی چ هەستێکی شەڕانگێزیم هەیە بەرامبەری، یەك قوم بەرائەتی تێدا بەدی نەدەکرا بەڵام کوڕێکی بە ویقار و بەهرەمەند بوو. حیکمەتی ئەو کوڕە لەوەدا بوو زاهیدانە ژیانی منی حونجە دەکرد و ئەو بۆ خۆی خاوەنی مەلەکوتێك بوو لە زیکرو تەهلیلە، خاوەنی میحرابێك بوو لە موناجات و عیرفان .

من زوو درکم بەوە کرد بوو کە ئەسفەندیار چێژ وەردەگرێت بە ئازاردانی من، لای ئەو یەقینێکی عەجوول وجودی هەبوو هەرگیز شەقژنی مەلێکی خامۆشی نەدەبینی. هەموو ڕۆژێك دەریایەك لە ئەسرینم دەڕشت کە دەمبینی لە سیماو ڕووخساردا کۆپی کراوی یەکدین و کەسمان حەوسەڵەی ئەوەی نی یە حەشاماتێك لە شێتی و دێوانەیی لە ئەسفەندیارەکەی تردا بەدی بکات.

هەردووکمان یەخسیری تخوبێکی ناکۆتا بووین لە شێتی. بە تێپەڕینی زەمەن ڕقم لەو کوڕە دەبۆوە و ئەویش خۆی بەدوور دەگرت لێم، ڕۆژێکیان لە دواین ساڵی خوێندنم دا لەو قوتابخانەیە وەڕسی بەرۆکی گرتم وکەوتمە جنێودان بە ئەسفەندیار بەڵام ئەو بەهیچ جۆرێك وەڵامی نەدامەوەو مامۆستاکەشم لەو قوتابخانەیە دەری کردم. پاش ئەوەی چەند ڕۆژێك بە تەمبەڵی لە ماڵەوە مامەوە، پاش ئەوەی لە ئێوارەیەکی خۆرنشین دا بۆنی مرۆڤێکی مەلوولم گرت، دایك و باوکم بڕیاریان دا ڕەوانەی قوتابخانەیەکی ترم بکەن، لە قوتابخانە نوێ یەکەدا شتێك نەبوو ناوی ئەسفەندیار بێت،

مەبەستم لە ئەسفەندیاری چرپەیە. ئەو ترس و بیمەی بەرامبەر بەو کوڕە هەم بوو هەمووی ڕەوی یەوە، بەڵام لەوێندەر کۆمەڵێك لە خراپترین مرۆڤم هەڵبژارد بۆ ئەوەی بیانکەم بە هاوڕێ، نازانم بۆچی چێژم لە هاوڕێی خراپ وەردەگرت ؟!

شەوێکیان لە ساڵی سێهەمی خوێندنەکەم دا بووم لە قوتابخانە نوێ یەکە و لە تەمەنی هەژدە ساڵی دا بووم، کۆمەڵێکی زۆرلە هاوڕێ چەقاوەسووەکانم بانگهێشت کرد بۆ ژوورەکەی خۆم تاوەکو ئاهەنگێکیان بۆ ساز بدەم، بە درێژایی ئەو شەوە مەشروبمان دەخواردەوە و قومارمان دەکرد، کاتێك ووردە ووردە تاڵە گزنگی بەیان بەدەرکەوتو سوبح خۆی نیشان داین گوێم لە دەنگە دەنگێك بوو، خزمەت کارەکەمان گوتی ؛ کەسێك بەهەڵەداوان هاتووە بۆ لات و دەیەوێت کەمێك لەگەڵتدا بدوێت، منیش نوقمی شەراب خواردنەوە بووم‌و زۆر بەزەحمەت دەستم بە دیوارەکەوە گرت و نەم دەتوانی هیچ ببینم تەنها جەستەی کوڕێکی سیسەڵە نەبێت کە بەگوێم دا چرپاندی ؛ منم ئەسفەندیار، خێرا چرپەکەم ناسی یەوە، زۆر قورس بوو بۆمن ئەو چرپە قۆڕەی ئەو لەبیر بکەم، پێش ئەوەی لێ بڕوانم بە ووردی؛ بە پەلە خۆی گەیاندە دەرەوەی خانووەکەو لەپێش چاوم بزربوو، چاو پێکەوتنەکەمان تەنها چەند چرکەیەکی خایاند بەڵام بەبارتەقای سەدەیەك خەوفی لەدڵم دا چەقاند باشە ئەم ئەسفەندیارە لە کوێ وە هات؟ چۆن ماڵی ئێمەی دۆزی‌یەوە؟ چی دەوێت لە من؟ پرسیارەکانم بێ وەڵام مانەوە، بەڵام دەست بەجێ ئەو ڕۆژە شوومەم بیرکەوتەوە کە لە خوێندن دەریان کردم، بەڵێ هەر لەو ڕۆژە دا بوو کە ئەسفەندیارەکەی تریش وازی لەو قوتابخانەیە هێنا، بە هەرحاڵ بڕیارم دا جارێکی تر ئەو کوڕە لە بیر بکەم .





پاش ساڵێك یاخود پاش ئەوەی لە زانکۆ وەرگیرام ماڵەوەمان چی دی وەکو فاحیشەیەکی بەرەڵڵا لە منیان نە دەڕوانی، پارەیەکی زۆریان بۆخۆم وخوێندنەکەم سەرفکرد و بووم بە کوڕە خۆشەویستەکەی ماڵەوە، دەمتوانی جل و بەرگی جوان بپۆشم و زۆربە خۆشی ڕابوێرم و هەمیشە هەوڵم ئەدا لە گەڵ کوڕە دەوڵەمەندەکانی شاردا بگەڕێم و پارەیەکی زۆرم بۆ چێژ وەرگرتنێکی بێ مانا سەرف دەکرد، پارەیەکی زۆرم بە قومار دۆڕاند، هەوڵم ئەدا لە ڕێ ی قومارەوە پارەیەکی باشم چنگ بکەوێت و دابەشی بکەم بەسەر هاوڕێ دەوڵەمەندەکانم دا، بەڵێ من بە تەواوی کەسێکی شێت بووم.

هاوڕێ یەکی دەوڵەمەندم هەبوو ناوی جیهانگیر بوو ئەم کوڕە هەموو جیهان بگیرایە باکی نەبوو، شەوێکیان پارەیەکی زۆری بە قومار دۆڕاند بەڵام ئەو شەوە لە هەمووان بەختەوەر تر بوو، جیهانگیر سەرەڕای ئەوەی کوڕێکی دەوڵەمەند بوو بەڵام هەمیشە دەیگووت ؛ زیندەگی تەنها بازی یەکە، هەموو جەستەم سارد و سیاهە، یەك ئاشنام نی یە، دڵم یەك پارچە خوێنە، قەبر و دڵم تاریك و نووتەکن، نەبەهارو نەگوڵ هیچیان نابینم تەنها پایزێکی غەمگینم لێوە دیارە، شەوی من لە هەموو شەوەکانی تر تاریك ترە، ژیانێکی سارد و پڕ لە کینەم لە شەهری غەم دا گوزەراند، سەدایەك کە مەرهەم و هەتوانی فەریادبوو لە قوڕگم دا ووشك بوو، من ئیلاهێکم دەویست بە مەستی، جامێکم دەویست هەرگیز لە حوزوری شەرابدا خاڵێتی نەدیبێت، مەیخانەیەکم دەویست خاڵی لە شەرابی ئەزەل، ئەمانەو چەندین شتی تر.....

یەکێك لەو شەوە ترسناکانەی منی هێنایە لەرزین ئەو شەوە بوو کە جیهانگیر و چەند هاوڕێ یەکی ترم بانگهێشت کرد بۆ ماڵی خۆمان، دوای نان خواردن دەستمان کرد بە قومار کردن و مەشروب خواردنەوە تا کاتێکی درەنگ، ئەو شەوە یەکێك بوو لە شەوە ساردەکانی ساڵ، نوقمی تاریکی و سەرمایەکی بێ مانا بووین، خەوفێکی گەورە لە دڵمدا چەکەرەی کردبوو، ترس لە کێ ؟! لە هەموو شتێك بەتایبەتی لە ئەسفەندیاری لەعین، بیرم نەچێت ئەو شەوەش جیهانگیر پارەیەکی زۆری دۆڕاند، کەس نەیزانی بۆچی و لەناکاو چرپەچرپێك دروستبوو، ئەمە پاش ئەوەی مۆمەکانی ژوورەکەمان لە خۆیانەوە کوژابوونەوە، هەموومان نوقمی تاریکی بووین بەڵام چەند چرکەیەك پێش کوژانەوەی مۆمەکان هەستمان کردکە یەکێك هاتۆتە ژوورەوە، لەو کاتەدا تارمایی یەکی درێژی لارمان بەدیکرد زانیم کە ئەو میوانە ترسناکە لەناو ماندایە، پاش کەمێك ئەو میوانە قێزەونە دەستی کرد بە قسە، قسەکردنێك بەچرپە، دەنگە ماتەمەکەی سەرتاپای جەستەمی خستە لەرزین. ((بەڕێزینە)) ئەو پێ ی گووتین، من لێرەم و دەمەوێت چەند شتێکی گرنگتان پێ بڵێم، ئەترسم نەزانن ئەو پیاوە کێ یە کە ئەو هەموو پارەیەی لە جیهانگیر بردۆتەوە، دەستی بۆ من ڕاکێشاو گووتی ؛ ئەم شەو با پێتان بڵێم کە چۆن لەو پیاوە تێ بگەن، سەیری گیرفانی لای چەپی پانتۆڵەکەی بکەن جۆکەری تێدایە و دوای ئەوە ئەو هەموو گیرفانە بچووکانەی چاکەتە گەورەکەی بگەڕێن. دەست بەجێ میوانەکەمان زۆر بە بێ دەنگی ژوورەکەی بەجێهێشت هەروەکو چۆن بەبێ دەنگی هاتبوو. ئەو میوانە هیچ و پووچە حەیاو شەرەفی منی برد، ئەو





ساتە بەدترین و ناخۆشترین ساتی ژیانم بوو، کاتم نەبوو بیر بکەمەوە، هاوڕێکانم ڕقێکی ئەستووریان بەرامبەرم پەیدا کرد، مۆمەکانیان هەڵکرد و هەموو گیرفانەکانم گەڕان، لە گیرفانی چەپی پانتۆڵەکەم دا جۆکەرەکەیان دەرهێناو لە گیرفانە بچوکەکانی چاکەتەکەشم دا ئەو دەستە وەرەقە تازەیەیان دەرهێنا کە بەهۆیەوە هەموو یاری یەکانم دەبردەوە، هاوڕێکانم لە شێوەی بازنەیەك دا بەدەورم کۆبوونەوەو بەبێ دەنگی وەستان، بەرامبەریان هەستم بە شەرمێکی گەورە کرد، یەکسەر ژوورەکەم بەجێهێشت و چوومە دەرەوە، بۆ ڕۆژی دواتر شارەکەشم بەجێهێشت، هیچ زانیاری یەکم نەبوو سەبارەت بەو فێڵ و غەشەی لە یاری یەکەدا کرابوو ((من هەرگیزجۆکەرم نەدزیوە)) لەبەر خۆمەوە بەدەنگی بەرز ئەو جوملەیەم دەگووت. پاش ئەوەی شارەکەم بەجێهێشت و سەری خۆم هەڵگرت جارێکی ترو لە شارێکی دی ئەسفەندیارم بینی، ئەی باوکە ڕۆ !! سەیری ئەو شانسە قۆڕەی من !! ئەو کوڕەی بە ئارەزووە شەڕەنگێزی یەکانی منی وورد و خاش کرد، هەموو ڕۆژ و مانگ و ساڵێك بۆ کوێ بچوومایە لە بەردەمم دا قووت دەبۆوە، کەس نەیدەزانی لە کوێ وە دێت، وە کو شەبەحێك لە تاریکی دا دەردەکەوت، زۆربەی شارو شارۆچکەکانی ووڵات گەڕام ئەو هەر بە دووی مندا دەهات، هەموو پرۆژەیەکی ژیانمی سەقەت کردبوو، دەمویست ڕزگارم بێت لێ ی بەڵام هەرگیز هەستم بە ئازادی نە دەکرد، بۆ ساتێکیش بێت تەنهایم بەخۆمەوە نەبینی هەمیشەلەدووم دەگەڕا، لە مێشکی خۆم دا ئەم پرسیارانەم لێك ئەدایەوە ؛ ئەم کوڕەکێیە ؟! بۆچی ناهێڵێت بە تەنها بژیم؟! بەڵام وەك کاری هەمیشەییم پرسیارەکانم بەبێ وەڵام دەمانەوە.

لەو کاتە دا درکم بە شتێك کرد، ئەم کوڕە کاتێك پەیدا بوو نەیدەهێشت دەم و چاوی ببینم تەنها جل و بەرگەکانیم دەبینی ئەویش لەجل و بەرگی خۆم دەچوو، زۆرسەیر بوو ئەو کوڕە بە هەمووشێوەیەك لە خۆم دەچوو، لەو ڕۆژەی لە قوتابخانە دەرکراوم بە تەواوی دەم و چاویم نەبینیوە، تائێستا من لەو کوڕە دەترسێم‌و ئیتاعەی دەکەم، ئەوخەیالاتە سەیرانەی مێشکی ئەو، زیرەکی یەکەی، ئەو دەرکەوتنە خێرایەی یان ئەو ڕقە قوولەی کە بەرامبەر من هەیبوو، هەموو ئەمانە منیان کردە پیاوێکی ترسنۆك و کەسیرە بردوو. ڕقم لە خۆم دەبۆوە کە ئەوەندە پیاوێکی ترسنۆکم. تەنها شتێك کە ویستم پەنای بۆبەرم مەشروب بوو. بەڵێ شەوێکیان لەشارێکی غەریبی دا هێندەم خواردەوە تاوەکو ترس لە دڵمدا نەما، زۆر سەرخۆش بووم، چاوم هیچی نەدەبینی، من کاتێك کە ساغ بووم ئەسفەندیارم نەدەبینی ئینجا ئێستا بەو حاڵە قۆڕەوە کە ئەوەندە سەرخۆشم بەلاّم بەهەرحاڵ ئێستاکە هیچ کەسێك ناتوانێت ڕێم لێ بگرێت بۆبە ئەنجام گەیاندنی هەر پرۆژەیەکم، لەو کاتەدا زۆر دەترسام ئەسفەندیارەکەی تریش مەشروبێکی زۆری خواردبێتەوەو وەکو من ئازا بووبێت، ئاخر مەشروب سەرەڕای ئەوەی خەیاڵێکی جوانت پێ دەبەخشێت دەرمانی هەزار دەردەو ئازایەتی یەکی گەورەشت پێ دەبەخشێت، وات لێ دەکات لە ژیان نەترسیت و دەتکات بە پاڵەوانێکی موزەیەف.

نازانم هەموو ئەم شتانە لە ژیانم دا ڕووی داوە یان تەنها چیرۆکێکەو بۆ ئێوەی دەگێڕمەوە. لە یەکێك لە شارەکانی غەریبیم داو لە ئێوارەیەکی پاییز دا کە وەرینی گەڵاکان دڵی خەڵکی قەتیس دەکرد، لە ئێوارەیەك داکە





بای خەزان گەڵاکانی سەرەو ژێر دەکرد، هاوڕێ یەکی نزیکم بانگهێشتی کردم بۆ ئاهەنگێك، بەڕێکەوت سەرۆکی شارەوانی ئەو شارەش لەوێ بوو، ئەو بۆ خۆی پیاوێکی پیر و کەنەفت بوو بەلاّم ژنەکەی گەنج و جوان بوو، پلانێکی خراپ و شەڕەنگێزانەم بۆ ژنەکەی دانا، بڕیارم دا کە لە ژوورێکی چۆڵ دا لە نێو ئەو باڵەخانەی کە ئاهەنگەکەی تێدا ساز کرا بوو یەکتری ببینین، کاتێك لە قەرەباڵغی یەکەدا لەم ژوور بۆ ئەو ژوور دەچووم بۆ بینینی ژنی کابرا دەستێکی قورس بەر شانم کەوت و چرپەیەك هاتە گوێکانم، ((جیهانگیر پارەیەکی زۆری بە قومار دۆڕاندووە کە گوناهی تۆی تێدانیە )).......

بە تووڕەیی یەوە ئاوڕم دایەوە بۆ دواوە، دەبینم کابرایەك بەهەمان جل و بەرگی من، بەهەمان بالاّی من، لە پشتمەوە وەستاوە بەلاّم دەم و چاوی بە ماسکێکی ڕەش داپۆشرا بوو قۆڵیم گرت و پێم گووت ؛ ڕاوەستە ئەمە دواجارە دوام بکەویت ؛ بە هۆی تۆوە من دڵە ڕاوکێ یەکی زۆرم بەدی کرد، لەناو هاوڕێکانم دا ڕیسوا بووم، وەرە لەگەڵم بۆ ئەو ژوورەی تر هەر ئێستا دەبێت بتکوژم .

دەرگاکەم لێداخست‌وکێشامە سەرزەوی یەکە و بینیم قاچەکانی دەلەرزین، بۆ ماوەی چەند چرکەیەك هیچی نەکرد بەلاّم پاش ماوەیەك بە هێواشی چەقۆکەی دەرکرد، شەڕێکی کورت خایەن بوو، هەرگیز هەستم بەو ئازایەتی یەی خۆم نەکردبوو، چەند جارێك کێشام بە دیوارەکاندا و بێهۆشم کرد و ئینجا من چەقۆکەم لێ دەرهێنا و لەشیم هەلا هەلا کرد لەو کاتەدا یەکێك ویستی دەرگاکە بکاتەوە، دەستبەجێ بەرەو ڕووی دەرگاکە ڕۆیشتم

بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی کە داخراوە پاشان گەڕامەوە بۆ لای دوژمنەکەم، ناتوانم وەسفی ئەو شتە بکەم کە لەو کاتەدا بەدیم کرد !! لەو لەحزەیەدا کەچووم بەرەو دەرگاکەو گەڕامەوە، ژوورەکە بەشێوەیەکی سەیر گۆڕا بوو، لە کۆتایی ژوورەکەدا ئاوێنەکە نەمابوو، ئاوێنەکە خرابووە ناوەڕاستی ژوورەکە، بووکە شووشەی سەر مێزەکە بووبوو بە قەلەڕەشێکی قەترانی، دڵنیا بووم لەوەی کە پێشتر من لەم ژوورە دا نەبووم، کاتێك بەرەو ڕووی ئاوێنەکە ڕۆیشتم لە ئاوێنەکە دا خۆمم بەدی کرد، بە ترس و لەرزەوە بەرەوڕووی ئاوێنەکە چووم دەبینم دەمو چاوم سپی هەڵگەڕاوە و بە خوێن داپۆشراوە، بیرم کردەوە تۆ بڵێ ی ئەوە هەڵەیەك بێت و ئاوێنە نەبێت، لەوانەیە ئەوە دوژمنەکەم بێتو لە دوایین لەحزەی ژیانی دا بێت، باشە ئەوە دوژمنەکەمە ماسکەکەی لێ کەوتۆتە خوارەوە؟! یان دەم و چاوی دوژمنەکەم هەر هەمان دەم وچاوی خۆمە؟! یان لەوانەیە دوژمنەکەم کەسێکی وەهمی بێت و خۆم دروستم کردبێت؟! نەمدەزانی خەریك بوو شێت دەبووم، هەرچەندە من لە ڕاستی دا کەسێکی شێت بووم؛ لەو بیر کردنەوانە دا بووم ئەسفەندیار کەوتە قسە؛ چی دی بە چرپە نەدەدوا، دەنگی بە دەنگی خۆم دەچوو وام دەزانی خۆم قسە دەکەم ؛ ئینجا گووتی :ـ

تۆ بردتەوە و من دۆڕاندم، بەڵام لە ئێستەوە تۆش بەهەمان شێوەی من دۆڕایت و دەمریت، بۆ هەتا هەتایە دەمریت ؛ لە پێناوی ژیانێکی سەخیف دا مردیت؛ سەیری دەم وچاوم بکە، هەمان دەم وچاوی تۆیە؛ بڕوانە تۆ چەندە منیت، تۆ لەنێو مندا ژیایت و لەنێو مندا مردیت، تۆ لە نێو سەخافەت دا ژیایت؛ بڕوانە تۆ چۆن لەم پاییزە دا خۆت کوشت ؟؟!! ....

## شەوێکی سەخیف

لە سەرەتاوە دەمزانی شەوێكی پڕ لەنەهامەتییە بۆ من، ئەو شەوە بێ ماناترین شەوی ژیانم بوو، لەیەك كاتدا پڕبووم لە سێ شت، یەكەم خۆم و دووەم ژوورەكەم و سێهەم ژیانێكی ئیفلیج . من مرۆڤێك بووم لە ڕابردوو كەچی لەئێستادا بیرم دەكردەوە و لەئایندەدا بڕیارم ئەدا . ئەو شەوە تەنها خۆم بووم لەگەڵ ژوورێكی پڕ لەهیچدا، یەكەم جاربوو لەئێستادا بڕیار بدەم، لەناو جێگاكەم هەستام و دەستمكرد بەكێشانی تلیاك و مەی خواردنەوە، هێندە تلیاكم كێشا تا چاوەكانم پڕبوون لە خوێن و تەنگە نەفەسبووم و هیچم نەدەبینی، ئەو شەوە پڕبوو لە شتی چوارەم كە ناوی تلیاك و مەی بوو .

ڕقم لەخۆم دەبۆوە بۆ ئەوە كەسی ترم خۆش نەوێت، سەرم گێژی دەخواردو دەكەوتم جارێكی تر هەڵدەستامەوەو جارێكی تر دەكەوتم، وەكو هەڵكشان و داكشانی دەریام لێهاتبوو، نەم دەزانی من كێم و چی دەكەم، لە بیر كردنەوەیەكی قووڵدا بووم !! بیر كردنەوە لەچی ؟؟ خۆشم نەمدەزانی !!

تاوەكو واملێهات بڵێم خۆكوشتن جوانترین جۆری بیر كردنەوەیە !! لەو ساتەدا سێ خۆكوشتنی سەخیفی هاورێكانم بیركەوتەوە یەكەمیان (شیراز زادەی باب خوێڕی) ئەو كوڕە ڕۆح سووكەی باوكی ڕێگەی چوونە سینەمای لێگرتبوو، تالەدواییدا بڕیاریدا لەبەردەم باوكیدا بەچەند فیلمێكی ڕووتەوە خۆی بكوژێت .

دووەمیان (حەمە تاڵی دایك شیرین) پاش ئەوەی دایكی ڕەدووكەوت عەیب و عارو لەكەی بنەماڵەكەی زۆری بۆ هێنا كە خۆی بكوژێت، چونكە دایكی تەنها لەگەڵ باوكیدا شیرین نەبوو هەموو باخەڵێكی تاقی كردبۆوە .





سێهەمیان (شەهرامی گارسۆن مەی گێڕ باپیر) بوو ئەم ناوە لەچییەوە هاتبوو؟! نازانم !! بەڵام خۆی دەیگوت : باپیرم لە باڕەكاندا كاری كردووەو باوكیشم گارسۆن بووە لەكوێ ؟؟ هەر لەباڕەكاندا !! دەیانویست منیش هەر لە باڕەكاندا بم بۆ ئەوەی ناوو ناوبانگیان ون نەكەم، منیش بۆ ئەوەی بیسەلێنم كە گیا لەسەر بنجی خۆی ناڕوێتەوە دەستم كرد بەكڕین و فرۆشتنی گوێدرێژ !! ماوەیەك خەریكی ئەم ئیشەبووم، بەڵام چەند گوێدرێژێكم تۆپی و وازم لەم كارەم هێنا، دواتر تەنەكەچێتی، قاچاخچێتی، فێڵبازی، سوێندی درۆ، بیتاقە فرۆشتن ... هتد هەموو ئەم ئیشانەم كرد بەڵام سەركەوتوونەبووم تا لەدواییدا لە ماڵێكدا لەترێ شەرابم دروستدەكرد ئەم ئیشەم خۆشدەویست و پارەیەكی باشم پێكەوەنا، بەڵام كاتێك زانیم ئەم ئیشەش هەر لەئیشەكەی باب و باپیرمەوە نزیكە زۆر بێزاربووم .

ئەم قسانەم لە شەهرامەوە بیست و پاش ماوەیەك دیارنەما دواجار بۆم دەركەوت كەلەنزیك مزگەوتێكدا بۆتڵێك عەرەقی كێشاوە بەسەری خۆیداو خۆی كوشتووە .

ئەو شەوە هەستم بەبێهودەییەكی گەورە كرد، بێهودەیی دڕندەترین وێنەی ژیانە، مرۆڤی گەورە نایەوێت مەزنیەكەی وەك چەكێك بەكاربهێنێت بۆ هێنانەدی ئامانج بەڵكو دەیەوێت ڕووبەڕووی بێهودەیی بێتەوەو خاترجەم بێت لەكوشندەیی بێهودەیی، ئەو شەوە شتەكان هیچیان سێبەریان نەبوو، هەموومان لەتاریكیدابووین . كاتێك ڕۆژ كەمێك بەدەركەوت، شتەكانی چواردەورم وردەوردە سێبەریان پەیداكرد تەنها من

نەبێت !! بەڵێ من ئەو مرۆڤە بووم کەسێبەرم نەبوو، کەچی کەسانێك هەبوون زیاد لەسێبەرێکیان هەبوو .

تووشی ڕەشبینی بووم، ڕەشبینی بەمانای لەناوبردنی ویستی مرۆڤ نا بەڵکو ڕۆیشتن بەرەو ئەو ئامانجەی کەپاڵ بە مرۆڤەوە دەنێت کارێکی باش ئەنجام بدات، ئەو ئامانجەش لەلای من مردبوو، وردەوردە بەتاڵ بوومەوە لەخۆم و ژوورەکەم و ژیان لەوسێ شتەی لە سەرەتادا پڕبووم لێیان، پاشان لەشتی چوارەم کەتلیاك و مەیبوو، هەستم کرد لەدوای هەموو بەتاڵبوونەوەیەك مرۆڤ بەهای نامێنێت، چوونکە ئەو مرۆڤەی تووشی نائومێدی نەبێت نابێت لەژیانیدا هیچ ژیابێت، نائومێدی وایلێکردم خۆم بکوژم لەبەرئەوەی هەمووومان لەژیانێکی نائومێدی لەسەرخۆدا دەژین، دواجار بڕیاری خۆکوشتنمدا، ئەوانزیکەی دووساڵە خۆم کوشتووە و تائێستا هیچ چێژێکم لێوەرنەگرتووە و لەگەڵ ئەوەشدا پەشیمان نیم ....

## پێنج کەسی گەمژە

ئەوشەوەی سورخابی فەرزین‌وئەفراسیابی فەرزین زادگایان بەجێهێشت‌و خۆیان ناچار بە هەڵاتن‌و غەوارەبوون کرد، شەوێکی باراناوی بوو، مەهتابی فەلەکناس چی تر نەیدەتوانی تەماشای ئەستێرەکان بکات، مەهتاب بەدبەختترین کیژی دونیا بوو، ئەو کاتەی حەزی لەشەراب دەکرد چی دی میوەکان خۆیان نەئەدا بە دەستەوە، ئەو کاتەی حەزی لە ستران دەکرد هیچ کەسێك مۆسیقای نەدەژەند، گەر حەزی بەبینینی گەڵای پاییز بکردبایە ئەوا بەهار درێژترین وەرز دەبوو، هەمیشە بۆ خۆی‌و دوو برا فەرزینەکەی دەگریا..

خۆی‌و دوو براکەی ژیانێکی پەژموورردەیان دەگوزەراند، هیچ شتێك دڵی ئەوانی خۆش نەدەکرد، بەردەوام لە ترس‌و بیمێکی گەورە دابوون بەرامبەر بە ژیان، فەرزینەکان هەرگیز لەگەڵ یەکدیدا نەدەگونجان تەنانەت هەریەکەیان ڕووەو وڵاتێکی عەرەب نشین پەرتەوازە بوون..

سورخاب بەرەو وڵاتێك کۆچی کرد کە خەڵکی هاندەدا بۆ بەدڕەووشتی و ئەفراسیاب بەرەو وڵاتی خوا پەرستان بەڕێ کەوت، تا ئێستا نازانم کامیان وڵاتێکی پەسەندیان هەڵبژاردووە، سورخاب کوڕێکی نوێژکەرو موسوڵمان بوولە وڵاتی بەد ڕەووشتان، ئەفراسیاب کوڕێکی مەی خۆرو مێباز بوو لە وڵاتی خوا پەرستان!!!...

سورخاب پاش دوو مانگ لە سووڕانەوە توانی لە هۆڵێکی ئاهەنگ گێڕاندا کاربکات کە پێشتر شوێنی بە هەرۆزی شەونخون بوو، بەهەرۆز هیچ شەوێك نەدەنووست هەمیشە سترانێکی خنکاو لە قوڕگی دا بووبۆ ئەوەی بە ئاگا بێت، ماوەیەك دەبوو ئەم ئیشەی بە جێهێشتبوو بڕیاری دابوو بەڕۆژی





ڕووناك ئیش بکات، تا لە دووایدا ناویان لێنابوو بەهەرۆزی ڕۆژ نخوون، سورخاب بۆی گێڕامەوە کە ماوەیەك لەمەو پێش بەهەرۆزیان سەر بەنیست کردووە..

سورخاب دەبوو هەموو شەوێك پاش ئاهەنگ گێڕان هۆڵی ئاهەنگەکە پاك بکاتەوەو هەرگیز بۆی نەبوو بەشداری ئاهەنگەکان بکات‌و قۆڵی ڕووتی ئافرەتان ببینێت، بەهەرحاڵ ئەمە ئاسایی بوو لەلای چونکە کوڕێکی موسوڵمان بوو، ئەم فەرزینەی وڵاتی بەدڕەوشتان دوای نوێژکردن لە جیاتی نزاو پاڕانەوە جنێوی بە هەموو کەسێك دەداو دەیگوت: هەوای پاکی ئەم وڵاتە سیخناخ کراوە بە فەساد..

فەرزینەکەی وڵاتی خوا پەرستان هەر بە گەیشتنی بۆ ئەو وڵاتە یەکەم شەو لەگەڵ ئافرەتێکدا خەوت، نازانم ئەو ئافرەتەی لە کوێ دۆزیبوەوە، پاش ئەوەی کارەکەی ئاشکرا بوو دوو ساڵ لە نێو چواردیواری زینداندا توند کرا..

خەڵکی ئەو وڵاتە نەیان دەوێرا بادە بنۆشن چونکە بە پێی داب‌ونەریت‌و ڕێساو دەستووری وڵاتەکەیان ئەو شتانە قەدەغە بوون، بەڵام خەڵکەکەی لە جێ ی مەی نۆشین جۆرە گیایەکیان دەخوارد کە ناوی ( قات )بوو، ئەم گیایە پاش جوینی ئاوێکی لە نێو دەم‌وفلقتدا دروست دەکرد، بە خواردنەوەی ئاوەکە بێهۆش دەبوویت، سەرمایەداران‌و کەللە زلانی وڵات خەریکی ڕواندنی ئەو گیایە بوون، خەڵکی وڵاتی خوا پەرستان دەیانگووت: لە قورئانی پیرۆزدا ئەو گیایە باسی لێوە نەکراوە بۆیە خواردنی حەڵاڵە!!.. بۆ ماوەیەکی زۆربوو ئەو دوو برایە کاریان دەکردوو هیچ پارەیەکیشیان پێکەوە نەنابوو..

مەهتابی فەلەکناس بەبێ پرسی براکانی لەڕۆژێکی پاکییزەدا کە هەوای نەسیم لیخنی مەرگی ڕادەماڵی شووی کرد بە هەورازی نشێو زادە، مەهتاب وای دەزانی ئەم کوڕە هەموو شتێکە بۆ ئەو، بەڵام هەوراز لە ئارەزووە قۆڕەکانی خۆی نەدەکەوت، ئەم کوڕە شێتانە عاشقی ژیان بوو بوو، هەمیشە بەسەرشاخدا سەردەکەوتو بەرەو دۆڵەکان تل دەبۆوە تا ئەو ڕادەیەی هەموو جەستەی دەبوو بەباخی برین، کەس نەیدەزانی ئەم هەتیوە بۆ ئەوەندە کەرە؟! تاوەکو کار گەیشتە ئەوەی ڕۆژێکیان بە مەهتابی گووت: وا خەریکە واز بهێنم لەم ژیانەو پاشگەزببمەوە، تف لە ڕۆژانی پڕلە قەباحەتی وولاتم..

فەرزینەکان بەشێکی زۆری لایەنی ژیانیان لەو دوو وولاتەدا بەپەنهانی مابۆوە، من هیچ شتێك لەبارەیانەوە نازانم تەنها ئەوەندەی کە باسم کرد..

ئەو ڕۆژەی کە فەرزینەکان بۆ وولاتی خۆیانو بۆلای مەهتاب گەڕانەوە، هەوراز بەسەر شاخێکی لای ماڵی خۆیاندا سەردەکەوتو مەهتابیش ئارەزووی لە مانگو ئەستێرە نەمابوو ئەوەندە تیماری هەورازی کردبوو لەڕو لاوازو زەرد هەڵگەڕابوو، فەرزینەکان بە هاتنەوەیان بڕیارێکی سەیریاندا، بڕیاری چی؟؟!! بڕیاری گەڕانەوە بۆ دوو وولاتە عەرەب نشینەکە بەڵام ئەمجارە بە پێچەوانەوە، سورخاب بۆ وولاتی خواپەرستان، ئەفراسیاب بۆ وولاتی بەد ڕەووشتان...

# مرۆڤه‌ گه‌شبینه‌كه‌

كورێكی زۆر بێزار بوو، هەمیشە دەیگووت: تەمەنم سی ساڵەو سی چركە خۆشیم نەدیوە، زۆر ڕقی لە كۆمەڵگە بوو، بە كەسایەتی (جان جینیە)دەچوو، زۆر ڕقی لە ژیان بوو چونكە لە پێناوی مردندا دەژیا، هەموو تەمەنی لە قاوەخانەكاندا بەسەر دەبرد، دوو ساڵ و نیو بوو خۆی نەشتبوو، گیرفانەكانی پڕبوون لە لاسكی كەرەووز، زۆرجار دەیگووت : تاقەتی هەناسەدانم نییە، ئەمانەو چەندین شتی سەیری تر . لەڕۆژێكی ڕەمەزاندا لەسەر شەقامە گشتییەكە كەوتە خواردنی بسكیت و چۆرەك، پاشان دەیگووت: داخی ئەو پۆلیسە گەمژەیە بەم ڕەمەزانە شت دەخۆم نایەت بمگرێت، دڵنیام ناو زیندان خۆشترە چونكە دەرەوە كەسانی بۆگەنی تیایە، چەندە سەرم هێناو سەرم برد لەم كابرایە تێنەدەگەیشتم، زۆرجار بەپێڵاوەكانیەوە دەنووست چونكە دەیگوت كەهەستام لەخەو تاقەتم نییە بۆ پێلاوەكانم بگەڕێم، كورێكی زۆر عەبەسی بوو، پێیان دەگوت : دایكت كێیە ؟ باوكت كێیە ؟ ئەویش دەیگوت : نازانم هێندە ئاگادارم سی ساڵ لەمەو پێش ئافرەتێك لەسەر شۆستەیەك فڕێیدام، دیار بوو پیاوێك پێش نۆ مانگ قۆڵی بڕیبوو، من كەسیانم نەدیوەو پێویستم بە كەسیان نییە، چونكە دوو بوونەوەری هیچن دەنا منیان دروستنەدەكرد، كەواتە پێناسەی من قوربانی كردەیەكی سێكسییە لەلایەن دوو ئاژەڵەوە، پاشان پێی گوتم : بەسە حەزم لە قسە نییە بەیانی وەرەوە گوتم : كات ژمێر چەند بێمەوە ؟

گوتی : كات ژمێری چی ؟ تەنها یەك كات - ژمێرم هەبوو ئەویشم شكاند لەبەر ئەوەی هیچ كارێكم نییە تا پێویستم بە كات هەبێت . بۆ ڕۆژی دواتر لەهەمان كاتدا چوومەوە بۆلای یەكسەر گوتی : بەخێر نەهاتیت!!





گوتم : بۆچی ؟

گوتی : بەهەموو تەمەنم بە ئەندازەی دوێنێ قسەم نەكردووە !!

گوتم : باشە، ئەرێ بەڕاست ئەو هەموو قسەیەمان كردووەو نازانم ناوت چییە ؟

گوتی : گریمان ناوم (رینۆ) یە !!

گوتم : بەهەر حاڵ دوای ئەوەی كات ژمێرەكەت شكاند چی تر ؟!

گوتی : هەوڵمدا كات ژمێرێكی تر بكڕم و بیشكێنم بەڵام پارەم پێنەبوو، گەر بۆم بكرا با، هەموو كات ژمێرەكانی دنیام دەشكاند، گوتم : باشە واز لەم قسانە بهێنەو شتی ترم بۆ باس بكە .

گوتی : ڕاوەستە باكات ژمێرێكی تر بشكێنم، ئەوەندە باسی كات ژمێری كرد، لێی وەڕسبووم و بەجێم هێشت . دوای دوو مانگ بە ڕێكەوت لەشەقامە سەرەكییەكەی شاردا چاوم بە چاوی كەوت، گوتم : چی دەكەیت ؟

گوتی : ئێستا كات ژمێری هاوڕێكەم شكاند .

گوتم : ئەمڕۆ چەندی مانگە ؟

گوتی : گرنگ نییە ؟

گوتم : چۆن ؟

گوتی : وەكو كات ژمێرەكەیە، یەكسەر زانیم وەڕس دەبم، هەر زوو بەجێم هێشت، بەڵام لەدوورەوە تەماشام دەكرد بینیم لەسەر شەقامە سەرەكییەكە دەستیكرد بەمیز كردن، گوێم لێبوو بەپۆلیسەكەی گوت : بەقوربانت بم ئەوە دەمگریت ؟!! دەمخەیتە زیندان ؟!! ڕزگارم دەكەیت

لەکەسانی وەکو خۆت ؟!! ئەمانەو چەندین پرسیاری تر، پۆلیسەکە گوتی : بەخوا وادیارە شێت بووە باوازی لێبهێنم، پۆلیسەکە ڕۆیشت ئەویش جنێوی پێدەدا لەبەر ئەوەی نەیخستە زیندان، بەهەرحا ڵ وەکو جاران بەجێم هێشت .

بڕیارمدا ژیانی ئەم کابرایە بکەم بە چیرۆکێك، بەڵام نەمویست ئەوەندە باسی میزو کات ژمێر بکەم، باشە ئەی باسی چی بکەم ؟! خۆ ژیانی ئەم کابرایە هەمووی ئەو دوو شتەیە، پەلەم نەکرد تاوەکو بزانم باسی شتی تردەکات ؟

ڕۆژان هات و ڕۆژان ڕۆیشت، لەبەردەم قوتابخانەیەکی شاردا وەستابوو، لێم پرسی : ئەوە سەیری کچ دەکەیت؟!

گوتی: بەخوا گەمژەیت.

گوتم : بۆچی؟

گوتی : باوەڕت بێت پارچەیەك مقەبام پێوە کردووەو لێم نووسیوە (خاص للبول).

گوتم : باوکەڕۆ ئەمە زۆر ڕووخاوە خوێنەری چیرۆکەکانم دەتۆرێنێت، وازم لێهێناو چیم نووسیبوو دڕاندم، کاتێك دوور کەوتمەوە هاواری کرد: پیاوی چاك بە، با کات ژمێرەکەت بشکێنم منیش پێم گوت: کەرە کەر هەتیو

## باشە کە شەیتان نەما،

## ئێمە بەرد بگرینە کێ ؟؟

**" بەیادی ئەو چەقاوەسووانەی عەشقیان ڕسوا کرد" ...**

بخوێنە ئایەتێك بۆ ئەم عومرە شکاوەی من
سووژدەیەکی بێتام بدە  بە هەناسەکانی خوداو ئەهریمەن
سەرخۆشی کە ئەو بولبولەی کە هەمیشە ئاوازی سەخیف دەچڕێ
وونی کە ئەو کلیلەی کە نوور دەبڕێت لە فریشتەی مەراق
هەڵی بگرە مشتێك لە کوفر بۆ ئەم جەستە ڕزیوەی من
کفنی کە  وەرینی ئەو مەخلوقەی کە منم بە سەحابێکی سوور
بڕژێنە ئەسرینی تار بۆ جەزیرەیەکی لاتەریك و دوور
بڕژێنە مەرەکەبێك بەسەر ئەو هێرۆغلیفیەتەی ژیان
کە لە باڵکۆنی جەلادێکەوە سپێتی کاغەزێك ناشرین دەکات
سوێند بخۆ بەسەدەفێکی میتاڵ لە پشتی هێلکە شەیتانۆکەیەکدا
باوەڕبێنە بەفرۆیەکی سپی،  سپی وەك شەهوەتی ئەسحابەیەك
نەعرەتەت  بێت ئەی یار،  ئەی کوندەپەپووی پیر
نەعرەتەت بێت ئەی سێوێکی کرچ،  پێش کەوتنە خوارەوەت لە
درەختێکی فاشیل
ئیمان بێنە بە حیکمەتی تلیاك و بە مەعریفەی حەشیش
لە جەستەی هەلا هەلا ی غولامێك دا کە منم،  .......................
بێ ئێشم کە بەو شمشێرەی
کالآنەکەی زەخرەفەیەکە لەباڵی قاژوو کە منم،  ...................
قوفڵی کە ئەو پلیکانە موتڵەقەی
کە دەمانخاتەوە سەر پەیژەی سەخافەت





بڕژێنە هەتوانێك بەسەر برینی ئەو قەتێ یەی
حیکمەتی جوانی لە یاقووت فێر دەبێت
خشپەت بێت وەك سیسرك
لە هاتو چۆی تیکرارو بێهوودەی ئاودەستەکاندا
عەجەب !! تۆ چ گەمژەیەکی ئەی دۆست !!
کاڵفام مەبە ئـــــەی تووتـــــی
چ ئینشایەك ماوە نەیڵێیت
بێهۆش مـــــەبە ئـــــەی مودمـــــین
چ حەشیشێك ماوە نەیکێشیت
نەعرەتــــــەت بێت نەعرە تــــــە
ئەی کوندەپـــــــەپووی پیر
ئەی گەمژەترین دۆست
ئەی عەلامەتی جەهل
★★★★ ★★★★ ★★★★ ★★★★
تۆ بەدەنگی عەندەلیبێك تەفرە مەخۆ
وەکو تووتی ئینشایەکی فاشیل دەبەخشێتە پەڕەسێلکەو
داوای بەخشیشی لێ دەکات
قوفڵ مەدە لە سەدەفەکانی ژیان،   ئەی دۆست !!
تۆ دەتەوێت بەباڵی چ سیمرغێك بفڕیت ؟!!
بەباڵی بازێکی هەلا هەلا

یان بەباڵی عەنقایەکی نابووت ؟!!

بەپەتی چ قەنارەیەك خۆت دەخنكێنیت ؟!!

بە قەیتانێکی لەتوپەت

یاخود بە گوریسێکی پەرپووت ؟!!

بگەڕێوەو ببینە ئەی یار

دوای هاتنەوەت

ژیان بۆنی مەرگێکی ڕزیوی لێوەدێ

بگەڕێوەو ببینە ئەی یار

کە چۆن ئەم کەشتی‌یە سەرخۆشەی ژیان

پێش ئەوەی لەنگەر بگرێت

دەریاوانەکەی دەخنکێت !!

بگەڕێوەو ببینە ئەی یار

کە من چۆن لەناو جێگایەکی پەرپووت دا

سێوێکی کرچ دەکرمێنم !!

کە من چۆن لەبەر شەرمنی تۆ

نوتفەکانی خۆم دەخنکێنم

لەبەر پرسیارەکانی تۆ

فاریزەکانم ڕاو دەنێم

وەرەو

بە لۆگاریتمی عیشقێك ئاشنام کە





کە خاڵی بێت لە کەرت و ڕەگ و تەقسیم

بە چەقی بازنەیەك دا بڕۆ

کە نیوەتیرەکەی لە منەوە کێشرابێت و

تووانەکانم دووجای بەیداغێك بکە

هەڵکردنی ئەو بەیداغە لە گشت وولاتێك قەدەغە بێت

لەژێر ڕەگی ژمارەیەکدا دەرمبهێنەو

ئەستونم کە لەسەر زیندانی ڕاستەهێڵێك

چونکە ئەمشەو

ئەمشەو ......... بەحوزنەوە دەگەڕێمەوە نیو کوچەیەکی

پەنهانی مناڵیم

ئەمشەو ........ بەزاکیرەی با دەگەڕێمەوە سەر

یەکەم حەرفی زوبانم

من لە ئیشراقی سپێدەیەکدا

بەرەو مەغریبێکی غەمگین ڕێگام تەی کرد

لە تەمتومانی عیشقێك دا

بەرەو بیابانی غەزەل خۆم ئاودیوو کرد

من لە بەهارێك هەڵاتم و

بە پاییزێکی زەردەڵ خۆم ئاشنا کرد

دە سا ئەی یار

نەعرەتـــــــەت بێت نەعرەتـــــە

ئەی فاحیشەترین پاکیزە

ئەی بێ مەعریفەت ترین دۆست

ئەی عەلامەتی جەهل

چونکە ئەمشەو

ئەمشەو ........ من بۆ ئەوە نەهاتبووم

تەمەنناى مردنێك بكەم

هەموو كەسێك پەی پێ ببات

من بۆ ئەوە هاتبووم

دوای پیر بوونم بگەڕێمەوە منالێمو

مێروولەیەك ڕزگار بكەم لە گومان و

گەڵا وەرین لەبـــیر درەخــــتێك بەرمەوە و

بەفر بارین لە زاكیرەی شاخ نەهێلم !!

ئیتر بۆ خەزانی خۆم نەبینم

لەكاتێكدا پاییزی تۆ بێباكە لێ ی

بۆ تەجـــەللای بەفـــرێك نەكەم

زستانی تۆ خەمساردە لێ ی

تۆ تەماشا !! چ ڕۆژگارێك تۆی كرد بە دەیــجوورترین شەو !!

تۆ بڕوانە !! چ بارانێك تۆی كرد بە خاكێكی سووتاو !!

تۆ سەیركە !! چ گومانێك تۆی كرد بە هەستێكی یەقین !!





نەعرەتەت بێت نەعرەتە

ئەی کوندەپـــــــەپووی پیر

ئەی عەلامەتی جەهل

ئەی بێ مەعریفەت ترین دۆست

نەعرەتەت بێت .... نەعرەتە !! ...

## لەوسەری کۆلاّنی عەشق چاوەڕێم کەن !!

**" کیژێك لە دەریاوە دێتەوە،  چنگی پڕکردووە لە مەرجان‌و گوێچکەماسی،  کەچی عەشقی لێ وون  بووە "**

منێك كە باغەوانی عەشقم
بەیانیان
بەگۆزەیەك لە موحیببەتەوە
دێمەوە ناو باغچەی تێك ڕامووسانو
ئێوارانیش لێوەكانم تەڕ دەكەم
بە قریوەی پێكەنینی ئەو كچەی
لە دەریاوە دەگەڕێتەوەو
چنگی پڕدەكا لەمەرجانو
منیش پڕ دەكا
لە بۆنی باخەڵی پڕ شەرمی خۆی !!!
منێك كە شەوانم
هێدی هێدی
لە گۆشەیەكی چڵكنی مەیخانەیەكدا
بەسەر دەبەم
گوناهبارم
چوون دەزانم
پڕم لە نووری موحیببەت
یان بەدەم هەنسكی گریانی كیژێكەوە
دەخووسێم، !!!
دەسا ئەی شۆخ





من سەر بە نەسلی چ عەشقێكم
پڕم لە شەوقی چرا
یان
" لێوان لێوم لە وەڕسی و خاڵی خاڵی لە بارانی ڕوانین ئەم
شەو "*
ئەمە چ تەنهاییەكە ئەی خودا؟!!
منێك بەو پەڕی هەرزەیی مەوە
دەچمەوە سەر كۆڵانەكانی سەرەتای پێكەنین و
وانەكانی مردن دەخوێنم، ....
خودایە
خودایە بمدەرێ دەستێكی سارد
ببەخشە پێم هەستێكی ساختەو پڕ گومان
خودایە پڕم كە لە سووتان بە دیار عیشقێكەوە
كە دوایین پشكۆو خەڵووزی
لە كوانووی مندا سوور دەبێت
خودایە بە یارو ئەو چەپكە گووڵەی دەستی بلێ
لەو سەری كۆڵانی عەشق  چاوەڕێم كەن
ئەوە منم بە پاڵتۆیەكی ڕەشەوە

---

* ناوی شیعرێكی برای شاعیر كاك بەرزان هەستیارە..

دەسووتێم‌و
کەسێك نی یە بۆنی قرچانی لەشم کات
ئەوە منم  هاوار دەکەم
ئەی گۆڕی لاتەریك‌و چەپەك
نەفخی هەستانەوەم بژەنە ئەی مەرگ
با عەندەلیبێك نەیەت
خەراباتی عەدەنم بۆ تەفسیر بکات
بەسەمفۆنیایەکی سەقەت
با فلوتێکی شەکەت
غەریزەکانی جەستەم هەلا هەلا نەکات
بە ئیقاعێکی عەجوول
با نەسیمی زیکرو تەهلیلەی دەروێشێك
لە خیابانی مەلەکووتێکەوە هەڵنەکات‌و
عەرشی خودا بتۆرینێت
دەسا ئەی شۆخ
وەرەو لەم مەوسمە بڕوانە
تۆ دەپرسیت
ئەمە چ مەوسمێکە ئەی خودا؟؟ !!
منیش دەڵێم
مەوسمی غرورە سەحەر گیان





مەوسمی غرور
ئینجا دەڵێم هۆ سەحەر گیان
گەر بۆت کرا
چی دی مەهێڵە
سەوڵ بدەم لە قەیاغێك لە مێژە کوون بووە و
ئاوی تێدەچێت
چی دی مەهێڵە
مەست‌و سەرخۆش بم بە حەشیشێك
نەسلی بگەڕێتەوە سەر دەریا
چونکە تا ئێستاش
من  شووناسی خۆم نازانم
نازانم من موسافیرم یان موهاجیر ؟؟
من شەڕکەرێکی دۆڕاوم یان موجاهید ؟؟
نازانم من سەر بە نوتفەی زەندیقم
یان لە دوای
ئاه و حەسرەتی زاهیدێك لە دایك بووم ؟؟
ئیدی تۆش ئەی شۆخەکەی تەنیشت دەریا
تۆش  ئینقیلابێك تەجوید مەکە
کە دزینی حیکمەتی زەخرەفەیەك
لە مورشیدێکی یەخسیرو گومڕا

**تەبریك دەكا**

**تەقسی مەزهەبێكی هیلاك**

**تەقدیس مەكە**

**كە كفرێكی موتەشەرید لە مەعبەدێكی كەسیرەدا**

**حونجەی دەكا**

**تۆ جومجومەی ئەو خورافاتە بشكێنە سەحەر گیان**

**كە جەستەم نغرۆ دەكا**

**لە خەڵوەتی پڕ لە عەدەمی دەروێشێك**

**سەدەفی ئەو جادووگەرە بشكێنە**

**سەحەر گیان**

**كە مەغزایەكی نی یە بۆ تەفسیرەكانی ئاشووب**

**چوون لەمەو دوا**

**من فەتحی تۆ دەكەم ئەی شۆخ**

**نەوەك داگیرت بكەن**

**من جەنگاوەری تۆم ئەی فیردەوس**

**نەوەك ئەهریمەن**

**شەرحێكی نابووت بكا بە مارشی غەزەل بۆت**

**ئێ ی سەحەر گیان، چاوەڕێم كە**

**خۆتو چەپكێ گووڵی سوور**

**چاوەڕێم كەن**

**چاوەڕێم كەن هاكا گەیشتم !!**

**چاوەڕێم كەن !!**

## منم قەلەڕەشێکی حەزین!!

**(پێشکەش بێت بە تۆ ئەی ئەو مەخلوقەی ژیانت خۆش ناوێت)**

من لەبیرمە
چاك لە بیرمە کەنەفتێکی بە ئەتك بووی
نێو شەوێکی لیخن بووم
من لەبیرمە
چاك لە بیرمە بە هەزاران فرسەخ
لەو دیو تخوبی نوالەی پیرە شاخێکەوە
وەك گەوالە هەوری هاوین هەڵکورمابووم
من لەبیرمە
چاك لە بیرمە کە تیماری زەخمی من
بە زاکیرەی شمشاڵێکی حەزین
لە کوچە و خیابانێکی پەنهاندا دەکرا
ئەو ڕۆژە دێ ... خاترجەم بە ئەو ڕۆژە دێ
کەخۆڵەمێشی ڕۆحی منی پەژمووردە و غەمگین
تەنها بە بای خەزاندا گوزەر دەکات
دەنێو سەیلی ئازارو تاڤگەی برین ..
من مەخلوقێکی زاهید بووم
تاجو سەوڵەجانم تووڕدا و
فیرقەی دەروێشانم گرتە بەر
عەسایەکم هەڵگرتو
هەلهەلەی زیکرم کردەسەر





من هەنکە هەنکی شەپۆلو
شەقار شەقاری ڕۆحێك بووم
وەك گەڕیدەیەکی بێ فەڕ
وەك فاحیشەیەکی غەجەر
وەکو کرمێك سەنگەسار بووم !!!
هاوڕێیانم..... گوێ ڕادێرن بۆ ئازارم
ئێستا منم ...
منم جەستەیەکی نەفرین
منم پیاوێکی کەسیرە بردوو
منم تەفرەو فریوو خواردوو
منم شەوێکی زەمهەریر
منم خوناوڕێژ بە دەردی ژیان
من بووم دەریایەك لە خەمو گریان
منم پەڕەندەیەکی بێ باڵ
قەقنەسو ڕەش داگەڕاو
منم ئاشوبو قەلەڕەش
منم سەرمەست ... ئاشوفتە حاڵ
منم گرفتار بە دەردی ژیان
منم تۆفانو تەمتومان
منم پەرپوت ... هەمیشە نووستوو

منم پشكۆیەكی نێو كوانوو

ئای خودایە ئەمە چی بوو ئەم ئازارە

من هەوایەكی نەسیم بووم

مەرگی نیلۆفەرم هێنا

من چركە ساتی هەڵدێر بووم

بە كۆڵێك قەهرەوە

لە هەورازدا بەرەو نشێو تل بوومەوە

ئای هاوڕێیان .....

چ خیانەتێكی گەورە بوو ژیانی من

بێ مروەت بوون بەرامبەر بە هەنسكی من

وەك غانیمید(1) منتان كردە گارسۆنێكو

وەك تەنتەلوس (2) ڕەشتان كردبوو بەختی من

ئای خودایە ئەمانە

چ نەرجسییەكی لەخۆ بایی‌و

چ خود ئەڤینێكی گرگن بوون

ئێوە نەقاشی عەكسێكی زێباو

هونەرمەندێكی بە ویقارو

گیتارژەنێكی مەست نەبوون

ئێوە خێڵی شەڕفرۆش‌و

ڕاوچییەكی بەد فەڕو





زێباكوژێكی بێ غەم بوون

ئێوەی نێو كالیبتۆسەكان حەسرەتی یەقین نەبوون

ئێوە ئەفسوسی وجودو شالۆرێكی بێ خوێندنو

ئێوە زەلكاوی كینە بوون

دیسكریپشن:-

1- غانیمید : ئەولاوە یۆنانی یە بوو كەزیۆسی خوداوەند بازێكی نارد تاوەكو بیفرێنێ‌و كردی بە ساقی‌و مەیگێڕی خوداوەندەكان.

2- تەنتەلوس : بە پێ ی ئەفسانەی یۆنانی، ئەومرۆڤە برسی یە بوو، كە هەرگیز لقی درەختێكی پڕ بەرووبووم لە دەمی نزیك نەدەبۆوە، تەنانەت ئەگەر خەریك بووایە بیخواردایە ئەو كاتە ڕەشەبایەك لقەكەی دوور دەخستەوە.

تێبینی :-

ئەو دوو ناوەی لە پەراوێزەكاندا ئیشارەتی پێكراوە، ( بدر شاكر السیاب ) لە دیوانی ( المعبد الغریق ) دا بەكاری هێناون.

## ئاسمان پرتەقاڵی یە، وەك مۆز !!

**ئینترۆ دەكشن یان پریفەیس: شانۆنامەیەكی ئەبسۆردە (عەبەس) لە هەمان كاتدا بارگاوی‌و ڕەنگڕێژ كراوە بە چەند وێنەیەكی سوریالی، دەتوانرێت ناوی لێ بنرێت بەزمە ساتێكی تراژیدی و خۆی لە یەك دیمەندا دەبینێتەوە لە وانەیە كەس نەچێت بۆ نمایشی ئەم شانۆیی یە بەڵام تاوەكو سەخافەتی ژیان زیاد بكات، ئەم شانۆیی یە بەردەوام لە هەمووماڵێك دا نمایش دەكرێت....**

**ناوونیشانی شانۆیی یەكەش لە ناوی شیعرێكی (پۆڵ ئێلوار) – ەوە میتافۆڕ كراوە (كە شاعیرێكی سوریالی بووە) بە ناوی ((خاك شینە وەك پرتەقاڵ)).............**

من لەناو چیرۆکەکەی خۆمدا دیارم هەرچەندە دەم و چاوی خۆشم
بڕنم
(فرانتز کافکا)

گەمژەکانی ناو ئەم تێکستە :

قەیتان :/ کوڕێکی تەمەن 25 ساڵ، دەرچووی زانکۆ یە، ژنی نەهێناوە .

واتەرپەمپ : / کوڕێکی تەمەن 25 ساڵ، دەرچووی زانکۆ یە، ژنی نەهێناوە.

عەلاگە : / کوڕێکی تەمەن 25 ساڵ، دەرچووی زانکۆ یە، ژنی نەهێناوە .

M : / گارسۆن، کوڕێکی تەمەن 25 ساڵ، دەرچووی زانکۆ یە، ژنی نەهێناوە .

پێشکەشە بە:
(د. فەرهاد پیرباڵ) تاکە مرۆڤی سوریالی لەناو کورد دا ....





<u>دیکۆر</u> :

لەسەر شانۆ دیمەنی باڕێك بەدی دەکرێت، سەر مێزێکی نێو باڕەکە بە جۆرەکانی مەشروب و مەزە و نێرگەلە ڕازاوەتەوە، بەدەوری مێزەکەدا چوار کورسی لە شێوەی چوارگۆشەیەك دا دانراون، کورسی یەك بۆ قەیتان یەکێکی تر بۆ واتەرپەمپ ئەویتر بۆ عەلاگە، کورسی چوارەم کەسی لەسەر دانەنیشتووە چاوەڕێش مەکەن تا کۆتایی شانۆیی یەکە کەس لەسەری دابنیشێت، گلۆپێکی کزی نارنجی لە نێو باڕەکەدا دەسووتێت، لە سەر ڕەفەی لای گارسۆنەکەوە تەسجیلێك ئیش دەکات کە شریتێکی بۆشی لەسەرە واتە کەس گوێ ی لە هیچ نی یە، تەنەکەیەك خۆڵ لە تەنیشت مێزی سێ هاوڕێکە دانراوە، پشتی ڕەفەی لای گارسۆنەکە هەموو جۆرەکانی مەشروبی تێدایە، هەرسێ کوڕە گەمژەکە هەریەکەی کراسێکی سپی و پانتۆڵێکی ڕەش و هێلەکێکی شینیان لەبەردایە، وەکو ئەوە وایە کە یەکێکیان بەرامبەر بە دوو ئاوێنە دانیشتبێت، گارسۆنە گەمژەکەش بە پێ ی پەتی وبە سکی ڕووتی یە، تەنها بە دەرپێ کورتێکەوە یە بەڵام خاولی یەکی بەستووە بەناو گەڵی یەوە کارەکتەرەکان کەسیان سەرخۆش نین، بەڵام بەدەست ژیانەوە گیریان خواردووە و قسەی حەلەق و مەلەق دەکەن تا کۆتایی شانۆیی یەکەش کەسیان سەرخۆش نابن لەبەر قسەی زل و بێ مانا ........

# "دیمەنی یەکەم و کۆتایی"

**قەیتان** : کوڕینە ئەوەندە خەوتووم ماندوو بووم !!

**عەلاگە** : {ڕوو دەکاتە قەیتان} دەتوانیت کرێکاری بکەیت، بۆ ئەوەی کەمێك بحەوێیتەوە .

**واتەرپەمپ** : {ئەمیش ڕوو دەکاتە قەیتان} یان دەتوانیت لە بیاباندا ڕاوە ماسی بکەیت .

**عەلاگە** : گرنگ ئەوەیە ئیشەکەی کەمێك داهاتی هەبێت . {یاری بە پەنجەکانی دەکات}.

**واتەرپەمپ**:{بێ ئەوەی لە ژیانی دا ڕۆژنامەی خوێندبێتەوە ڕوو دەکاتە عەلاگە}: بێ گومان ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ باس لە گرنگی ئەو ئیشە دەکەن .

**عەلاگە**: باشە واتەرپەمپ ئەمە چ ڕۆژ نامەیەك باس لەوە دەکات .

**واتەرپەمپ** : ڕۆژنامەی هین ...... کوڕە ......ئەمە ...... ناوی چی یە {دەکێشێت بە سەری خۆی دا}.....

ئا ....... ئا ....... هێلکەو ڕۆن بە دۆشاوی خورما .

**عەلاگە** : ئەی باشە تۆش بۆ ناچیت ئیشێکی لەوەی کاك قەیتان بدۆزیتەوە واتەرپەمپ گیان ؟!





**واتەرپەمپ** : {ڕوو دەکاتە عەلاگە} : عەلاگە گیان خۆ من وەکو مستەر قەیتان واستەیەکی گەورەم نی یە.

**عەلاگە** : {دەست دەخاتە ژێر چەناگەی پاشان بە واتەرپەمپ دەڵێ} : ئەی باشە بۆ نایەیت بۆ لای من ئیشێکت بۆ بدۆزمەوە ؟!

{بێ گومان عەلاگە فەنی خۆشی بێ ئیشە ئەگینا نە ئەچوو بۆ ئەو باڕە بۆ قسەی زل}

**واتەرپەمپ** : ئیشی وەکو چی ؟! {لە کاتەدا گارسۆنەکە دێت و دەڵێت ؛ کاکە هیچتان پێویست
نی یە؟!}

**قەیتان** : با، زەحمەت نەبێت ناوت چی یە ؟!

**عەلاگە** : {ڕوو دەکاتە قەیتان} من دەیناسم ناوی (M) ە .

**قەیتان** : M چی یە ؟!

**عەلاگە** : حەرفی (M) بە ئینگلیزی..

**واتەرپەمپ** : {بە گاڵتە پێ کردنەوە ڕوودەکاتە گارسۆنەکە} پف لەو ناوە حیزە، باشە هەتیو ئەوە ناوێکی خۆشتر دەست نەکەوت ؟!

**M** : باوەڕ بکەن لەم ڕۆژەدا ناوی خۆش نەماوە !! بەتەمام بیگۆڕم، باشە ئەی ناوەکانی خۆتان بەخۆش ئەزانن ؟!

**قەیتان** : {ڕوو دەکاتە گارسۆنەکە} بەتەمایت ناوەکەت بکەیت بە چی؟!

**M** : بەتەمام بیکەم بە دەبڵ **M** **((M M))** .

**عەلاگە** : پف لەو ناوە .

**واتەرپەمپ** : منیش دەڵێم پف لەو ناوە .

**قەیتان** : منیش دەڵێم پف لەو ناوە .

**M** : خۆشم دەڵێم پف لەو ناوە .

**قەیتان** : {ڕوو دەکاتە هەموویان} کوڕینە ناو گرنگ نی یە گرنگ ئەوەیە بلووزەکەی ڕەسمی پشیلەی تێدایە {بێ گومان گارسۆنەکە بەسکی ڕووتی یە، ئیتر پشیلەی چی و بلووزی چی و قسەی حیزی چی؟!} ..

**عەلاگە** : قەیتانی پێڵاوەکانیشی پانە زۆر شازە {بێ گومان گارسۆنەکە بە پێ ی پەتی یە ئیتر قەیتانی چی و قسەی حیزی چی؟!} ..

**واتەرپەمپ** : بۆینباغەکەشی گوڵ گوڵە {لەم کاتەدا گارسۆنەکە زویر دەبێت و دەچێتەوە شوێنەکەی خۆی و تەسجیلەکە دەنێت بە گوێچکەی ڕاستی یەوەو کاسێتە بۆشەکەی لەسەرەو دەست دەکات بە گریان و بەدەنگی بەرز هاوار دەکات : ئەوەیە گۆرانی} ..





**قەیتان** : {سەری سووڕ دەمێنێت و دەڵێت} : بەڵام من گوێم لە هیچ نی یە ..

**واتەرپەمپ** : منیش..

**عەلاگە** : بەخوا منیش..

**M** : کوڕینە وەڵڵاهی خۆشم گوێم لە هیچ نی یە کاسێتی بۆشی لەسەرە ......

**قەیتان** : {گارسۆنەکە بانگ دەکات حەوت جار} **M**...... **M** ......

**M...... M...... M...... M......M**

{بەڵام گارسۆنەکە بە هیچ جۆرێك وەڵام ناداتەوە} ..

**واتەرپەمپ** : { ڕوو دەکاتە گارسۆنەکە} ئەوە قەیتان لەگەڵ تۆی نی یە ؟! بۆ وەڵام نادەیتەوە ؟!

**M** : تاوەکو یانزە جار نەڵێت ((**M**)) وەڵامی نادەمەوە !!

**قەیتان** : {ڕوو دەکاتە **M** } باشە ئەوە حەوت جار ووتوومە (**M**) ئێستا سێ جارم ماوە ..

**M** : نەء، چوار جار..

**عەلاگە** : {ڕوو دەکاتە قەیتان} ڕاست دەکات هەتیو گزی لێ مەکە ..

**قەیتان** : {ڕوو دەکاتە واتەرپەمپ} ئەم عەلاگە بێ ئەخلاقە هەرچی مەشروعی من هەیە فەشەلی پێ دەهێنێت ..

**قەیتان** : {چوار جاری تر دەڵێت M} M ...... M ......M ......M

**M** : {بەڕوویەکی خۆشەوە ڕوو دەکاتە قەیتان} بەڵێ گیانەکەم ..

**واتەرپەمپ** : {ڕوو دەکاتە گارسۆنەکە} لەگەڵ تۆی نەبوو بەقوربان..

**عەلاگە** : {ئەمیش ڕوو دەکاتە گارسۆنەکە} خۆ هەر تۆ ناوت ((M)) نی یە دراوسێ یەکی ئێمەش ناوی ئێفە ((F)) ..

**قەیتان** : {ڕوو دەکاتە عەلاگە} ئافەرین مامۆستایەکی زانکۆم ناوی BMW بوو ..

**واتەرپەمپ** : { ڕوو دەکاتە قەیتان و عەلاگە} بە پۆزێکەوە :/ باپیری منیش ناوی BKC بوو بەڵام هەر زوو فیشەکی پێ نەما {ئینجا دەست دەکات بە گریان}..

**قەیتان** : باشە ئەمڕۆ چەندی مانگە ؟!

**عەلاگە** : شلەی فاسۆلیا زۆر خۆشە ..





**واتەرپەمپ** : بزنەکەمان بەنزینی تیا نی یە ئەگینا پیاسەیەکی خۆشمان دەکرد {بێ گومان درۆ دەکات ئەگەر بزنەکەشیان بەنزینی تێدابێت ئەوا پیاسەیان نەدەکرد چونکە سویچەکەی بە باوکی یەتی} ..

**عەلاگە** : یەك شیش کەباب بە حەوت دینار..

**قەیتان** : ئەسەف بۆ ڕۆژێك دەخۆم کە قەلەکان هێشتا وەکو ئەمڕۆ ئەوەندە نەبوو بوون بە قەل **واتەرپەمپ** : باشە ساڵی پار چەند بەهاری تێدا بوو ؟!

**عەلاگە** : سی و شەش هەزار دۆنم زەوی چەند پەتاتەی تێدا دەڕوێت؟!

**واتەرپەمپ** : {لە خۆیەوە دەست بۆ بوتڵێك بیرەی تۆبۆرگ ڕادەکێشێ} سەیری ئەم مەنجەڵە ڕەشە دەڵێ ی بەفری کەلی خانە..

**قەیتان** : کەواتە ئاسمان پرتەقاڵیە وەك مۆز .

**عەلاگە** : دوێنێ نیوەڕۆش دنیا گەرم بوو لە زوورنا دەچوو ..

**واتەرپەمپ** : من دەڵێم ئەم بارە جۆلانەی تێدایە !!

**قەیتان** : تیای نی‌یە ..

**واتەرپەمپ** : تیایەتی..

**قەیتان** : تیای نی یە..

**واتەرپەمپ** : تیایەتی..

**قەیتان** : تیای نی یە..

**واتەرپەمپ** : تیایەتی..

**قەیتان** : تیای نی یە..

**واتەرپەمپ** : تیایەتی هەتیو ..

**قەیتان** : تیای نی یە هەتیو ..

**واتەر پەمپ** : تیایەتی سەگباب ..

**قەیتان** : تیای نی یە سەگباب ..

**واتەرپەمپ** : کورە وەڵڵا تیایە تی ..

**قەیتان** : کورە وەڵڵا تیای نی یە ..... {خەریکە دەبێتە شەڕیان عەلاگە ناهێڵێت و دەڵێت} : هەردووکتان ڕاست دەکەن خۆی لە ڕاستی دا تیایە تی بەڵام ڕێ ی تێدەچێت تیای نەبێت چونکە ئەگەر جوڵانەی تێدابێت ئەوا جزمەی ناو بەفری تێدا نی یە ..

**قەیتان** : ئێستاش دەڵێم تیای نی یە .....

**واتەرپەمپ** : ئێستاش دەڵێم تیایەتی ....

**عەلاگە** : ڕێك بکەون ئەوەندەتان فەرق نی یە ....





**قەیتان** : { پەنجە دەکێشێت بە چەناگەی خۆی داو سەیری سەقفەکە دەکاتودوو جار واتەرپەمپ ماچ دەکات} با بێینەوە سەر باسەکەیٍ پێشوو ئەوە باسی چیمان دەکرد ؟!

**واتەرپەمپ** : {ڕوو دەکاتە قەیتان} گووتت، کوپێك شیر بەشی چەند منداڵی قوولە ڕەش دەکات ؟!

**قەیتان** : ئافەرین ........ ڕاست دەکەیت ....... گووتم : دار هەڵبڕە بن باڵت دەر دەکەوێت..

**عەلاگە** : دەست هەڵبڕە پۆلیسێك ئەسیرت دەکات !!

**قەیتان** : باشە لەم دونیا بەرینەدا زەلامێك نیە هێلکە بکات ؟!

**عەلاگە** : مانگایەك نی یە گۆرانی بڵێت ؟!

**واتەرپەمپ** : قالۆنچەیەك نی یە عود لێبدات ؟!

**قەیتان** : {ڕوو دەکاتە M و دەبینێت M ئاقڵانە دانیشتووە بێ ئەوەی هیچ جووڵەیەکی کردبێت بەدەست ئیشارەتی بۆ دەکات و بە پێکەنینێکەوە دەڵێت :} گارسۆنم نەدیوە سەرمەقولات لێ بدات ؟!

**عەلاگە** : وا دیارە دەیەوێت ڕۆمانێك بنووسێت .

**واتەرپەمپ** : {ڕوو دەكاتە عەلاگە} ڕێی تێدەچێت قسەكەی تۆ بێت بەڵام من وای بۆ دەچم هەوڵ ئەدات ئەو برنجەی كەساڵی پار خواردوویەتی بە قوزەڵقورتی بێت دەیەوێت هەرسی بكات !!

**عەلاگە** : كام برنجەیان ؟! ئەمریكی یەكە ؟! یان تایلەندی یەكە ؟!

**واتەرپەمپ** : مۆزەمبیقی یەكە..

**قەیتان** : {ڕوو دەكاتە گارسۆنەكە} دەك ..... نەمریت .....
گارسۆنەكەمان هەمیشە بەدوای داهێناندا دەگەڕێت..

**M** : {لە دواوە هاوار دەكات} قوو ...... قوو ...... قوو ...... قوو ......

**قەیتان** : ئەوە چی یە گارسۆنەكەمان هەمیشە بەدوای كەڵەشێردا دەگەڕێت ؟!

**عەلاگە** : هەندێك جار كەڵەشێر بەدوای گارسۆنەكەمان دا دەگەڕێت بۆ ئەوەی ........ ئحم .......ئحم {هەرسێكیان دەست دەكەن بە پێكەنین}..

**واتەرپەمپ** : باشە بۆچی كەسمان سەرخۆش نابین {بەدڵنیایی یەوە لە سەرەتای شانۆیی یەكە تا كۆتایی یەكەی كەسیان مەشروب ناخۆنەوە}..

**قەیتان** : ئەم ساڵ جەژنی لەدایك بوونم نەكرد .

**M** : پاژنە هەڵكێشی باش گرانە {ئەم حیوارە بەدەنگی بەرز دەڵێت} .

**واتەرپەمپ** : باشە بۆچی كەسمان سەرخۆش نابین ؟! من تێناگەم!!..





**قەیتان** : وەرزشكارێك حیزبێكی دروست كرد .

**عەلاگە** : دیكتاتۆرێك گوڵ دابەش دەكات .

**واتەرپەمپ** : پەپوولە ی ئەم ووڵاتە شیلەی RBG دەمژێت ..تڕحێو..
{یەك جرت لێ ئەدات}

**M** : {هاوار دەكات} گۆرانی بێژمان هەیە كەڕوو لاڵە..

**واتەرپەمپ** : نازانم بۆ سەر خۆش نابین، بەشەرەفم یەكێك دۆعای لێ كردووین .. تڕحێو تڕحێو لەم دۆعایە ..

**M** : {بە پۆزێكەوە دەچێتە لایان} دەتوانم برنج هەرس بكەم بێ ئەوەی سەرمەقوولات لێ بدەم ...

**عەلاگە** : برنجە مۆزەمبیقی یەكەش؟!

**M** : بەنگلادیشی یەكەش..

**واتەرپەمپ** : باوەڕناكەم..

**عەلاگە** : منیش باوەڕناكەم..

**قەیتان** : {ڕوو دەكاتەM} عەلاگەو واتەرپەمپ بەو زیرەكی یەی خۆیان باوەڕ نەكەن وەڵڵاهی منیش باوەڕناكەم !!!

**M** : خۆ عەیب نی یە خۆشم باوەڕناكەم !!

**قەیتان** : {دیسان ڕوو دەكاتە M} باشە حسابەكەمان بۆ بێنە با بڕۆین .

**واتەرپەمپ :** وابزانم (١٤٩) دینار دەکات جەماعەت ...

**عەلاگە :** تۆ بلێ(٤٥٠) دینار {لەو کاتەدا گارسۆنەکە(٤٥٠) دینار دەدات بە عەلاگە و دەڵێت ها کاکە ئەوە ٤٥٠ دینار و خواحافیز، ئینجا دەڕواتە دەرێ، ئەوانیش لە ناو خۆیاندا یەکی (١٥٠) دینار بەش دەکەن .

**قەیتان :** دەبووایە بمان گووتایە هەزار دینار .

**عەلاگە :** بۆچی ؟

**قەیتان :** چونکە گارسۆنەکەمان موعامەلەی خۆشە !!

**واتەرپەمپ :** بانگی بکەینەوە، پێ ی بلێین پارەکە نوقسانی هەیە؟؟

**عەلاگە :** نا.... قەیناکە .... خوانەیبڕێت ....

**قەیتان :** هەزار جار خوانەیبڕێت....

**واتەرپەمپ :** باشە ئەوە منیش لەبەر خاتری ئێوە لێ ی خۆش دەبم، بەڵام باشە بۆچی کەسمان سەرخۆش نابین ..تڕحێو تڕحێو سەرخۆش نابین..





( لەو کاتەدا گڵۆپە نارنجی یەکە دەکوژێتەوەو شانۆیی یەکەش کۆتایی دێت ).

## نەهلستیەتی ئوپتیمیزم لە سرروودەکانی یاخیبوندا !!

شیعر لە سادەترین شوناسیدا وەڵامێکە بۆ پرسیارە بێ وەڵامەکان یان وەکو **پۆڵ ڤالێری** دەڵێت :ـ شیعر ئەو بێدەنگییە یـە کـە دەیهێنینـە قسـە لـە

ساتە وەختێکدا شیعر لای **کۆڵن ولْسن** ئیلهام نییە بەڵکو دەبێت تۆ سەربکەویت بۆ لای یان **ئیدیس ستۆیل** — دەڵێت (شیعر جێگەی پەپوولەو شێری تێدا دەبێتەوە)، **بۆدلێریش** پێیوایە : شیعر گەڕانەوەیەکی دەستی ئەنقەستە بۆ منداڵی .

**سرودەکانی یاخیبوون** ناوی ئەو کۆمەڵە شیعرەیە کە شاعیری لاو **(هێمن حەمە جەزا)** لە دوو توێی بەرگێکی ماتەمدا ئەم ساڵ بەچاپی گەیاندووە، شاعیر لە دوا لاپەڕە دا ئەم کۆمەڵە شیعرە پێشکەش بەو کەسانە دەکات کە لەدەست سبەینێی دووبارە یاخیدەبن، پێدەچێت ئەم یاخی بوونە لەو یاخیبوونە جوانە بچێت کە - **ئەلبێر کامۆ** - ی گەورە بیریاری وجودی باسی لێوە دەکات .

لەم کۆمەڵە شیعرەدا ڕەشبینی پانتاییەکی بەرین و جوگرافیایەکی فراوان بۆ خۆی دەستەبەردەکات، ڕەشبینییەك شاعیر لەسەرەتاوە **کیرکیجارد** ئاسا هاوار دەکات : من کێم ؟! چی دەکەم لێرە ؟! ئەگەر دەورێکم پێدراوە،

هاتووم دەرهێنەر ببینم !! یان وەکو **ئەدامۆف** دەڵێت : بەهیچ جۆرێك ئینتیمام بەم ژیانە سەخیفەوە نییە .

**هێمن** وەك ئەندازیارێکی کارامە توانیویەتی بە شێوەیەکی جیۆمێتری فیگەرەکان ڕێکبخات و کارەکتەرەکان بەسەر یەکدا بتوێنێتەوە و دەمامکەکان نەهێڵێت، لەگەڵ خوێندنەوەی هەر شیعرێکیدا خوێنەر هەست بەهارمۆنیکای ڕستە میوزیکی یەکان دەکات .

**هێمن** بەیەکەم بەرهەمی تەجاوزی زۆرێك لە شاعیرانی پێش خۆی کرد شاعیرمان زۆر لە مێژە دەنووسێ و هیچی نەگەیاندووە بە ئێمە و





نووسەرمان زۆر بووە بە شیعر دەستیپێکردووەو شیعر لە گێژەنەکانی خۆیدا ونیکردووە، هەروەکو چۆن **(شێرزاد حەسەن)** لە جوانترین ئیعترافیدا دەڵێت :ـ بەشیعرحەیای خۆم بردو بە چیرۆك ئەو ئابڕووە تکاوەم کڕییەوە .

ئەم کۆمەڵە شیعرەی **هێمن** دوازدە شیعری یاخی و بێزار لە خۆ دەگرێت کە بۆ هەریەکێکیان کەم تا زۆرێك هەست دەکرێت لەژێر کاریگەری شیعرەکانی **بەختیار عەلی** — دا نووسرابن کەئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە **(ت.س. ئەلیوت)** پێیوایە : شاعیری گەورە ئەو شاعیرەیە کە دەنگە ڕەسەنەکانی پێش خۆی لە شیعرەکانیدا دەنگ و ڕەنگبداتەوە، لێرەدا من نامەوێت مۆرکێکی یاخیبوو ببەخشم بە شیعرەکانی **بەختیار** بەڵکو باسی کاریگەریی ستایلی شیعری **بەختیار** دەکەم لەسەر **هێمن**، بۆ نمونە بە ماتماتیك کردنی شیعر لای **بەختیار** لە بەکارهێنانی ووشەکانی پڕگاڵ و بازنەو چەقدا دەبینرێنەوە هەروەکو لەیەکەم دێڕی شیعری **(پیاو کوژ و**

**هاوڕێیەتی)** دا دەڵێت :ـ (دۆستایەتی ئاوەژووبوونەوەی پڕگالی بچووکی دەستی من بوو، کەهەرگیز نەم توانی بازنەیەکی لێ دروست بکەم) .

لەکاتێکدا **هێمن** لە شیعری **(مەملەکەتە ماتماتیکییەکەی عیشق)** دا دەڵێت :ـ

ئێستاکە لەناو چەقی خۆم دا
دووبەشی تەواو... یەکسانم !!
بەشێکم پڕە لەتۆو
بەشەکەی تریشم،

**لەناو تۆدا ... هەناسەیەکی هێجگار**

**کورتە !**

**کاتێك ... خۆم لە تۆ دەردەکەم،**

**هەر دەکەمەوە تۆو**

**کاتێك خۆم لەخۆم دەردەکەم،**

**هەر دەکەمەوە تۆ**

**هێمن وەکو مامۆستایەکی ماتماتیك بەردەوام دەبێت، تاوەکو ئەم بیردۆزە دادەنێت :ـ**

**کاتێك سەفەر بەسەر،**

**من و تۆو خوداو گەردوندا ....**

**خۆی دابەش دەکرد**

**هەر دەی کردەوە تۆ !**

**کەسمان تەریب نەئەبووین**

**بە خۆمان و**

**هەمووهەر دەمان کردەوە تۆ !!**

**-**

**-**

**-**

**من وتۆ لەم مەملەکەتەدا**

**هاوکێشەیەکین،**

**مەگەر ...**





**هەوەسەکانی ماچ و**

**ماتماتیکەکانی عەشق ...**

**هاوسەنگمان کەن !**

**ئەم هاوکێشەیەی هێمن باسی لێوە دەکات لە هەمان هاوکێشە کۆمپلێکسەکەی شیعری (عەشق) ی بەختیار دەچێت کەخوێنەر بۆی هاوسەنگ ناکرێت و تیایدا دەڵێت :ـ**

**بەیانی دێت و مەرگ دێت و**

**پاییز دێت و تۆ دێیت و عەشق نایەت**

**عەشق دێت و بەیانی نایەت و**

**پاییز نایەت و تۆ نایەیت و مەرگ نایەت**

**تۆ دێیت و عەشق دێت و بەیانی**

**نایەتو پاییز نایەت و مەرگ نایەت**

**تۆ دێیت و عەشق دێت و بەیانی**

**دێت و پاییز نایەت و مەرگ نایەت**

**تۆ دێیت و عەشق دێت و بەیانی**

**دێت و پایز دێت و مەرگ نایەت**

**مەرگ دێت و بەیانی نایەت و عەشق**

**نایەت و پایز نایەت و تۆ نایەیت**

**هێمن لە شیعری_ ڕەشبینیەکانی دایکم لە نێوان فەلسەفەکانی (با) و خەتاکانی سەفەر _ دا لەبەشی (وڕێنەی سێیەم/ ڕابردوو) دا فریادڕەسێك**

بەدی ناکات بۆ ڕزگاربوونی لە تراژیدیاکانی ژیان  هەر بۆیە داوالە دایکی دەکات بێتە ناویەوەو پڕی بکات لە مردن،  تا دەگاتە ئەوەی بڵێت :ـ

دایکە ... دوا جار،
وەرە ناومەوەو
ئایەتی مردن بە گوێمدا بخوێنە و
تا ئەبەد ناوی سیانیم،
لێبنێ
مردن !
مردن !
مردن !

لە شێوەی ئەم بێئومێدیەش لای **بەختیار** لە شیعری **(ئومێدو پیاو کوژان)** دا بەدی دەکرێت کاتێك دەڵێت :ـ

**باسی ئومێدم بۆ مەکە،  ئومێد میتالێکە بەدەگمەن زرینگەی دێت**
**منیش بە شارەکاندا دەگەڕام ....**
دەمبیست
قومری هێندە بەتام باسی مردنی
خۆی دەکرد
(من باوەڕم بە هیچ نەما)

**هێمن** هەر لەو شیعرەدا وشەی زەوی ناسی بەکار هێناوە بەڵام لێرەدا لە جێی وێکچوون دوالیزمێك بەدی دەکرێت،  **هێمن** دەڵێت :ـ

چ... زەویناسێکی بێ هودەیت !

بەختیار دەڵێت :ـ





بەرەو زانستی دیکە ...
جیۆلۆجیای خۆشەویستی هەنگاو دەنێین

لای **هێمن** زەمەن سفرە و میلی کات – ژمێرەکان وەستاون کاتێك دەڵێت:ـ

نەفرەتم
لەگشت چرکەکانی دەقیقەو
لەگشت دەقیقەکانی سەعات و
لەگشت سەعاتەکانی ڕۆژو
لەگشت ڕۆژەکانی مانگ و
لەگشت مانگەکانی ساڵ و
لەگشت ساڵەکانی سەدە ... کرد !!

ئەم نەفرەت لێکردنە لە زەمەن لە گفتوگۆی نێوان دوو کاراکتەری دەقێکی عەبەسی – **ساموئێل بیکێت** – دا بەناوی **(نهایە اللعبە)** – وەوە بەدی دەکرێت کاتێك کاراکتەری یەکەم دەڵێت : کات چەندە ؟ کاراکتەری دووەم دەڵێت : هەروەکو چۆن باو بووە !! گەر خوێنەر زۆر ڕوو کەشانە تەماشای ڕووداوەکانی نێو ئەم کۆمەڵە شیعرە بکات ئەوا بڕیارێکی سەقەتی داوە،  چونکە شاعیر زۆر سەر کەوتوانە لەگەڵی ژیاوەو دەیەوێت وەکو **(گۆستاف فلۆبێر)** پێمان بڵێت :ـ ئێوە هەمووتان قاچ و پوز و سنگی ژنان دەبینن،  گرفتی من ئەوەیە پەیکەری ئێسکەکانی دەبینم ....

شاعیر لە شیعری **(من... دیکتاتۆرترین مەخلوق)** دا دەڵێت :ـ

بەبیرم دادێ ... کەمناڵ بووم .....
لەسەرە ڕێی مەکتەبدا،
سەفەرو ڕێگاکانی بەردەمیان بردم

ئیدی ...نەیان گەڕاندەوە !

لێرەدا شاعیر نەفرەتێکی تر دەکات، بەڵام ئەمجارە نەفرەت لەتەمەنی منداڵی دەکات، کاتێك ئەو یادەوەرییە ناخۆشەی تێدا تۆمار کراوە، کەواتە خوازیار نییە بە گەڕانەوەی بۆ نێو تەمەنی منداڵی، هەروەکو **سەمەدی بیهرەنگی** دەڵێت :ـ (هەموو کەس خۆزگە بەتەمەنی منداڵی دەخوازێت، تەنها من نەبێت) لێرەدا **هێمنیش** دەچێتە پاڵ **سەمەد** .

دوا جار، ئەوەی من مەبەستمە بیلێم ئەوەیە ڕەنگە من لەسەر کەمترین شیعری **هێمن** قسەم کردبێت لەبەر ئەوەی قەڵەمە ناشیەکەم هەر ئەوەندەی پێدەکرێت، خوازیارم ڕەخنەگری بەتوانا ئەم شاعیرە لاوە بەسەر بکاتەوەو پێی بڵێت :ـ **هێمن** سەرەڕای ڕەشبینی شیعرەکانی، بەڵام دوا ڕۆژێکی گەشبین چاوەڕێیەتی یان پێی بڵێت : شیعرەکانی **هێمن** سەمفۆنیایەکن مۆزیکاژەنێکی کارامە دایناون .

تێبینی/

★ **وشەی ئوپتیمیزم** (optimism) وشەیەکی ئینگلیزییەو بەمانای گەشبینی دێت، پێم وابێت تا ئێستا هیچ نووسەرێك ئەم وشەیەی بەکارنەهێناوە، پێمخۆشە گوزەر بکات بەنێو کەلتورو ڕۆشنگەری کوردیدا .

★ بۆ زیاتر ئاشنا بوون بە شیعرەکانی بەختیار بڕوانە :ـ بەختیار عەلی، کۆی بەرهەمە شیعریەکانی ١٩٨٣–١٩٩٨، لەبڵاو کراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی.

★ لەم نووسینەمدا لە هەناسە کورتیم ببوورن !!





## یادداشتەکانی کچێکی تەنها

شیعر ئەو جنسەیە کەقابیلی تەنها شوناسێك نیە ئەگەر هات و شوناسێك درا بەشیعر بۆ ئەوە نییە کەبیکەین بە پاسپۆرتێك بۆ پەڕینەوە

لە خاڵی پشکنینی ڕەخنە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کەبارگاوی و ڕەنگڕێژی بکەین بە خیانەت . شیعر لەدەرەوەی سنوورو جوگرافیا و ژینگەی خۆی لاڵەو لەزمان دەکەوێت، ئەوبۆخۆی کۆمارێکە لەدەرەوەی سنوورەکان و ماسییەکە بەهاتنە دەرەوەی لەئاو دەمرێت، شیعر بۆلای ڕەگەزەکانی تری ئەدەب ناچێت بەڵکو ئەوە جنسەکانی تری ئەدەبن هەمیشە خوانی بۆ دەڕازێننەوە، دەتوانیت دیاری بدەیت بەشیعر بەڵام کەدیاریت لێ وەرگرت ئەو ئیعلانی مەرگی خۆی دەکات، بۆ ئەوەی شیعر نەبێتە سەگێکی گەڕ پێویستە نەهێڵین لەزەلکاودا مەلە بکات .

بەختیار عەلی دەڵێت : (کەدێنەدەرێ لە تەمی شیعر لەشیعر زیاتر هیچی دی نابینین، کە لەشیعر دێینە دەرەوە لە شیعر زیاتر هیچی تر لەگەڵ خۆماندا ناهێنین). نووسەرێکی وەك مۆریس بلانشۆ دەڵێت : (قسەی شاعیر قسەی کەسێکە کەخۆی خستۆتە مەترسییەوە) ..... کاتێك دەچینە ناو شیعری گەورە لەبەر غوباری وشە هەمووومان چاومان کوێر دەبێت، شیعر تاسەر ئێسقان عاشقێکی موغامیرە، شیعر دۆنکیشۆتە بەرامبەر بە ژیان، شیعر مۆزیکات بۆ دەژەنێت بەڵام هەرگیز گوێ لە عەزفی تۆ ناگرێت، ڕۆژێك دێت هەموو ژانرەکانی تری ئەدەب لەناو بۆتەی شیعردا دەتوێتەوە .

(قاوەیەك لەگەڵ ئەودا) ناوی سێهەمین کۆمەڵەشیعری (کەژاڵ ئەحمەد)ە کەبەڕێوبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سەربەوەزارەتی ڕۆشنبیری لەساڵی 2002 دا بەچاپی گەیاندووە .

لەم کۆمەڵە شیعرەدا واهەست دەکرێت کە کەژاڵ بەتەنها شیعری نەنووسیوە، بەڵکو ڕۆژژمێری یادەوەریەکانی کچێکی تەنهامان بۆ





دەخوێنێتەوە، کەژاڵ شاعیرە بەڵام لەپاڵ شیعردا کچێکی تەنهایەو دەیەوێت لەپەیوەندی نێوان شیعرو ژیان بڕوانێت، لەڕەشەبا دەپارێتەوە پەڕەی گوڵ زویر نەکات، لە عیشق دەپاڕێتەوە نەیکات بە درەختێکی بێ سێبەر، لەهەندێك شوێندا خۆی دەبێت بە شیعرو پێکەوە ئاوێزانی یەکدی دەبن و جیاکردنەوەیان لەیەکدی دەبێتە کارێکی مەحاڵ، ئەی ئەوەنییە لە شیعری (نەهاتوویەك ) دا ئەو تەنهایی خۆی باس دەکات : ( دێم و دەچم ئاوسم بەنیگەرانی و / شیعرم تەنیا ترە لەخودا ... ل100) .

ئەم تەنهاییە والەشاعیر دەکات لەگازندەیەکی بەردەوامدا بێت بەرامبەر بە ژیان، ئەو تەمەنێك لەڕاهیبە بوون بەسەر دەبات و لەچاوەڕوەنیدا پرچی سپی دەهۆنێتەوەو ژیانی خۆی لێوون بووە، نازانێت سەر بە جنسی نەوەکانی چ ڕۆژگارێکە، لە (دوایین کەڤاڵی گۆڕەدێم) دا بە ئاشکرا تەنهاییەکەی بەدی دەکەیت :ـ (ساڵ بەو عەیام / من لەماڵی پڕ لەنسێی جەوردا هەر / ڕاهیبە بووم / لەچاوەڕوانی هاتنەوەی مەسیح و گۆدۆکانمدا / پرچی سپیم هۆنییەوە .... ل43) تەماشاکە لەهەمان شیعردا چ وێنەیەکی هیە بۆ ژیان :ـ (ژیانم وەك تەوقەی قژو / جووتە نەعل و / بۆنی گولاو/ لە پرسە ناکۆتاکاندا لێ بەجێما ....ل43–44)

یەکێك لەخەسڵەت و سیما دیارەکانی شیعری کەژاڵ بەرجەستە بوونی چەمکی (فیمینیزم) ە، هەندێك ڕەخنەگر پێیانوایە کەژاڵ سەرکەوتوو نەبووە لە گەیاندنی ئەم چەمکە، بەڵام ئەگەر بەوردی شیعرەکانی بخوێنینەوە دەبینین زۆر بەئاشکرا ئەم مەفهومە لەشێوەی کۆنسێپتێکی ڕادیکاڵدا دەگاتە موتەلەقی چونکە دژایەتی کردنی پیاو لەلایەن شاعیرەوە

یەکێکە لە میحوەرە سەرەکییەکانی زۆرێك لە شیعرەکانی نێو ئەم کۆمەڵە شیعرەو دوو کۆمەڵە شیعرەکەی پێشووتریش، بەڵام لەهەمان کاتدا شاعیر باس لەعیشق دەکات، عیشق لەگەڵ کێ؟

بێگومان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر، ئەمە ئەو دوالیزمەیە کە پانتاییەکی فراوانی لە شیعرەکانی کەژاڵدا داگیر کردووە، کەواتە پیاو دەبێتە پارادۆکسێك بۆ عیشق و کۆنسێپتی فیمینیزم، لەشیعری (لەنیشتمانی تیرۆرا جادەم لە پیاو خۆشترئەوێ) دەڵێت :ـ (خوا بمگرێ / ئەگەر جادەی ژنەخوانەناسەکانم / لەهەموو پیاوانی دنیا خۆشتر نەوێ ...ل60) کەژاڵ ناتوانێت بنووسێت گەر هەست و نەستی پیاو بریندار نەکات، دەتوانین بڵێین کە دەنگێکی دیاری ئەم بوارەیە بەڵام بەتەنها دەنگێك پیاو خۆی موراجەعە ناکاتەوە، ئەفسوس بەیەك (هیرۆسترات) هەموو پەرستگاکان ناسووتێنرێن، ئەفسوس بەیەك (غانیمید) خوداوەندەکان سەرخۆش نابن و تەنها (تەنتەلوس) ێك بەس نییە بۆ نیشانەی بەدبەختی و تەنها (یاکۆڤ ئیڤانۆڤ)ێك کافی نییە بۆ دروستکردنی تابووت، مەخابن بەیەك عەرڕاف

هەموو دەستەکان ناخوێندرێنەوە . شاعیر بەزمانێکی سانا لەدیاردەکان دەڕوانێت، لەم کۆمەڵەشیعرەدا وابەدەردەکەوێت کە شیعر تەنها چالاکییەکی هیومانییە کە زمان دەگەڕێنێتەوە بۆ منالی خۆی لەکاتێکدا جنسەکانی تری ئەدەب زمان بۆ پیری پەلکێش دەکەن، کەواتە لای کەژاڵ لەوشە زیاتر هیچ شتێك وجودی نییە بۆدەربڕینی هەستەکان، ئەمە بەو مانایە نییە کەلە دەرەوەی شعور هیچ شتێك بوونی نییە، بەڵکو مەبەست لەوەیە کەلە دەرەوەی شیعر جەوهەرەکان ئەو جەوهەرانە نین کە دوربینی





شیعر دەیان بینێت، هەربۆیە بەبڕوای هایدگەر زمانی پەتی بریتییە لە شیعر، بۆیە دەبینین هایدگەر لەڕێگەی خوێندنەوەی شیعرەکانی (هۆڵدەرلین) و (تراکل ) و( ستیڤان جۆرج) و (رینیە ماریا ریلکە) وە هەوڵ دەدات لە پشت هەر لێکدانەوەو تەعبیرێکەوە بەهایەکی ئیستاتیکی بۆ فینۆمینایەك بدۆزێتەوە کەزمانە، کەواتە زمان ئەو شتەیە کەڕێگا بەبوون دەدات تاوەکو ئامادە بێت لای ئینسانەکان بمێنێتەوە هەر لەبەر ئەمەشە هایدگەر دەڵێت (زمان ماڵی بوونە) . لەم کۆمەڵە شیعرەدا شاعیر منالی دەکاتە سیمبولی جوانی و بەرائەت و کازانتزاکیس ئاسا دەڵێت، (منداڵە بچوکەکەی ناو ناخت مەهێڵە گەورەبێت) ئەوەتا لە شیعری (بچوکێ حەیف گەورە بوو) دا دەڵێت :ـ (دەبینی ؟! / دەبینی چاوەکەم / گەورەبوون چ بەڵایەکە ؟!...ل56) .

دواجار منالی لای شاعیر دەبێتە فەنتازیاو ئەم فەنتازیایەش جەوهەری فۆرم و ستایلی تەکنیك دیاری دەکات .

**سوپاس بۆ:-**

- ✓ **خاتوو ( نسار غفور رشید ) کە بەدەستو پەنجە ڕەنگینەکانی ئەم کتێبەی بۆ تایپ کردم ...**





**تێبینی:-** لە کاتی بوونی هەر تێبینیو ڕەخنەیەك لەبارەی کتێبەکەوە، خوێنەری بەڕێز دەتوانێت بەم سێ ئیمەیڵو ژمارەی مۆبایلە پەیوەندی بە نووسەرەوە بکات:-

**ئیمەیڵەکان:-**

- zimnaco@hotmail.com
- zimnaco@georgewassouf.com
- zimnaco78@yahoo.com

ژمارەی مۆبایل:- **00964 770 141 1077**